# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

بڵاوکراوەی فەرمیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی/ ژمارە (١)، حوزەیرانی ٢٠١٥



**بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

# پەیڕەوی ناوخۆی

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**٢٠١٤**

## بەشی

## دروشم و پێناسەکان

**ماددەی (١):**

ناو: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**ماددەی (٢):**

دروشم: (هاوئاهەنگی ، ئارامی ، ئاوەدانی).

**ماددەی (٣):**

لۆگۆ: بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەشێوەیەکی ئاشکرا بانگەوازی بۆبکرێت و باشترینیان بەدەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن پەسەندبکرێت و بکرێتە لۆگۆی ئەنجومەن.

**ماددەی (٤):**

ئامانج: ئەم پەیڕەوە لە پێناوی چەسپاندن و گەشەپێدان و کاراکردنی سیستمی ناناوەندێتیی (لا مەرکەزیی) کارگێڕیی و باشتر بەڕێوەبردنی



ئیشوکارە کارگێڕیی و دارایی و خزمەتگوزارییەکان و چاودێریکردنی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکەدایە.

**ماددەی (٥):**

واتای زاراوەکان:

هەرێم: هەرێمی کوردستان– عێراق.

ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆ.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

پارێزگا: پارێزگای سلێمانی.

سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەن.

جێگر: جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

سکرتێر: سکرتێری ئەنجومەن.

ئەندام: ئەندامی ئەنجومەن.

نوێنەر: ئەندامێکی ئەنجومەنە کە نوێنەرایەتیی ئەنجومەن دەکات.

یەکەی کارگێڕی: (پارێزگا ، قەزا ، ناحیە ).

دەستەی سەرۆکایەتی: سەرۆکایەتی ئەنجومەن (سەرۆکی ئەنجومەن ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ، سکرتێری ئەنجومەن ).

**ياسا:** ياساى ژماره (٣) ى ساڵى (٢٠٠٩) ى ئەنجومەنى پارێزگاكانى هەرێمى كوردستان.

**پەيڕەو:** پەيڕەوى ناوخۆى ئەنجومەن.

**كۆبوونەوە:** كۆبونەوەى ئاسايى و نائاسايى ئەنجومەن.

**دانيشتن:** دانيشتنەكانى ناو كۆبوونەوەيەكى ديارىكراو.

**خولى هەڵبژاردن:** ماوەى چوارساڵى ساڵنامەيى.

**زۆرينەى ڕەها:** (نيوەى تەواوى ژمارەى ئەندامانى ئەنجومەن + ١ ).

**زۆرينەى سادە:** (نيوەى ژمارەى ئەندامانى ئامادەبووى كۆبونەوە + ١ )، لەدواى تەواوبوونى ڕادەى ياسايى (النصاب القانوني) ژمارەى پێويستى ياسايى كۆبونەوە، بەڵام ئەگەر لە دەنگداندا سێ جۆر پێشنياز هەبوو، دەنگى براوە لەسەر پێشنيازەكە زۆرينەى سادەيە.

**ڕێژەى ياسايى (النصاب القانوني):** ژمارەى پێويستى ياسايى كۆبوونەوەو دانيشتنەكان، (نيوەى ژمارەى ئەندامان+ ١).

**خاڵى پەيڕەو ( نقطة نظام ):** ئاماژەيە بۆلانەدان لەبنەماو پەيڕەو و ياساو بەرنامەى كۆبونەوە.

## بەشى دووەم

## حوكمەگشتييەكان

### ماددەى (٦):



يەكەم: سەرجەم ئەندامانى ئەنجومەنى پارێزگاى سلێمانى و ئەوئەنجومەنە خۆجێيانەى لەداهاتوودا هەڵدەبژێررێن، يان دروستدەكرێن لە ئيدارە سەربەخۆو قەزاو ناحيەكاندا پابەندى ئەم پەيڕەوە ناوخۆييە دەبن.

دووەم: پەيوەست بەو يەكە ئيدارييە نوێيانەى دروستدەكرێن، تا ئەو كاتەى هەڵبژاردنيان تێدادەكرێت، يان پەرلەمان ياسا يان بڕيارێك لە بارەيانەوە دەردەكات، پابەندەبن بەم پەيڕەوەوە.

سێيەم: ئەم پەيڕەوە ناوخۆييە لەلايەن ئەندامانى ئەنجومەنى پارێزگاى سلێمانيەوە پەسەنددەكرێت بەزۆرينەى ڕەهاى دەنگى ئەندامانى ئەنجومەن.

چوارەم: مەبەست لەپەيڕەوى ناوخۆ ديارىكردنى دەسەڵاتەكانى ئەنجومەن و پارێزگارو يەكەكارگێڕيەكان و كۆبونەوەكان و ڕێوشوێنى بەدواداچونى كێشەو چالاكيەكانە لەناو ئەنجومەن و دەرەوەى ئەنجومەندا.

پێنجەم: ئەم پەيڕەوە لەسەر پێشنيازى دەستەى سەرۆكايەتى يان پێنجيەكى ئەندامانى ئەنجومەن و بەڕەزامەندى زۆرينەى ڕەهاى ئەندامانى ئەنجومەن دەكرێت هەمواربكرێتەوە.

### ماددەى (٧):

يەكەم: ئەنجومەنى پارێزگا لەڕێگەى هەڵبژاردنى ڕاستەوخۆ پێكدەهێنرێت و دەسەڵاتى چاودێرييە لەناوسنورى كارگێڕى پارێزگاداو مافى ئەوەى هەيە بڕياروپەيڕەو و ڕێنماييەكان بۆڕێكخستنى كاروبارى كارگێڕيى ودارايى و نەخشەكێشانى سياسەتى گشتيى پارێزگا لەسنورى پارێزگادا دەربچوێنێ،

تاوەکو بتوانێ سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی لامەرکەزی بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات بەجۆرێکی وا ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا.

دووەم: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (٣٢) ئەندام پێکدێت بەڕەچاوکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان کەلە(٣٠٪) ی ژمارەی ئەندامانی کەمترنەبێت.

سێیەم: ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن (٤) چوارساڵی ڕۆژ ژمێرییە (سنوات تقومية).

چوارەم: ئەنجومەنی پارێزگا لەپیادەکردنی کارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت وەك ئەنجومەنێکی کاربەڕێکەر تاوەکو ئەنجومەنی پارێزگای هەڵبژێردراوی نوێ یەکەم دانیشتنی ئاسایی خۆی دەکات.

پێنجەم: ئەم پەیڕەوە ئازادیی ڕادەربڕین و بیروبۆچوون بۆهەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەستەبەردەکات بەجیاوازی بیروبۆچوون ولایەنگیری سیاسی و حزبییەوە.هەروەها دەستەبەری ئازادی بەرهەڵستکاری بابەتی و ڕەخنەی بنیاتنەروفەراهەمکردنی هاوئاهەنگی لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگاو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەسنوری پارێزگادا دەکات.

**ماددەی (٨):**

ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لەگفتوگۆکانیان و ئەوبڕیارانەی کەدەیدەن پابەند دەبن بەبڕگەکانی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩ ) و ئەم پەیڕەوەو دەستورو یاساکارپێکراوەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵەوە.



**ماددەی (٩):**

یەکەم: پارێزگار لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لەمێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بانگەواز دەکات بۆئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگا ، لەبارێکدا ئەگەر پارێزگار بانگەوازی بۆدانیشتنی ئەنجومەن نەکرد ئەوا ئەنجومەنی پارێزگا خۆبەخۆ کۆدەبێتەوە لەکاتژمێر (١٢) دوازدەی ڕۆژی شازدەیەم لەمێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە.

دووەم: دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگا بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنەکە دەبێت کە لە کۆبونەوەکە ئامادەیە.

سێیەم: ئەندامانی ئەنجومەن لەیەکەم دانیشتندا و پێش ئەوەی دەست بەکارەکانیان بکەن ، سوێندی یاسایی دەخۆن کەلەبڕگەی یەکەمی مادده (١٦) ی یاساکەدا هاتووە، لەبەردەم ئەنجومەندا.

چوارەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

پێنجەم: دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کە پێکدێت لەسەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری ئەنجومەن، سەرۆکی کاتی داوایان لێدەکات بچنە شوێنی تەرخانکراوی خۆیان.

## بەشی سێیەم
## دانیشتنەکان

**ماددەی (١٠):**

یەکەم: دانیشتنەکان لە بینای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕێکدەخرێن، هەروەها دەکرێت لە هەر شوێنێکی تری فەرمی گشتی ئەنجام بدرێت کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن لە سەری پێکدێن و پێویستە پێش (٣) ڕۆژ هەموو ئەندامەکان بە فەرمی ئاگاداربکرێنەوە.

دووەم: هیچ دانیشتنێك بەبێ بەرنامەی کاری پێشوەخت، ناکرێت.

سێیەم: پێویستە وێنەیەکی کارنامەی کۆبونەوە بە (٣) ڕۆژ پێش کۆبوونەوەکە بدرێتە ئەندامانی ئەنجومەن تا بتوانن تێبینی و سەرنجی خۆیانی لەسەر بدەن.

چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆیان هەیە بەر لە (٢٤) سەعات لە کاتی کۆبوونەوەکان بابەتێکی تازە بخەنە ناو بەرنامەی کارەوە بەمەرجێك بابەتەکە گشتیی و لە ناکاو و بەپەلە بێت.

پێنجەم: دانیشتن ناکرێت، تەنها بە ئامادەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەن نەبێت.

شەشەم: لە کاتی ئامادەنەبوونی ڕێژەی پێویستی ئەندامان، ئەوا سەرۆکی ئەنجومەن کردنەوەی دانیشتنەکە نیو سەعات دوا دەخات، ئەگەر هەر ڕێژەی یاسایی تەواو نەکرد سەرۆك دواخستنی دانیشتنەکەو دیاریکردنی کاتێکی تر بۆ کۆبوونەوەکە رادەگەیەنێت. ئەندامی ئامادە نەبوو بە نەهاتوو



دادەنرێت، ئەگەر پاساوێکی گونجاوی نەبوو بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

حەوتەم: هەر کۆبونەوەیەك ڕێژەی یاسایی تەواو نەکرد، هەر بڕیارێکی تێدا بدرێت بە نایاسایی و پوچەڵ دادەنرێت.

هەشتەم: سەرۆکی ئەنجومەن یان سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوە بکەن بۆکۆبونەوەی نائاسایی و کۆبونەوەکە تایبەت بکرێت بۆ ئەو بابەتەی بانگهێشتەکەی بۆکراوە.

نۆیەم: سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوای کۆبونەوە بکات بۆ کۆبونەوەی نائاسایی ئەویش لەسەر داوای پارێزگار.

دەیەم: کۆبونەوەی ئەنجومەن زۆرتر بۆ بابەتە گرنگەکان و دەنگدان تەرخان دەکرێت، هەرچی گفتوگۆ درێژ خایەنەکانە لە کۆبونەوەی لیژنەکاندا ئەنجام دەدرێن.

یانزدەیەم: کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەن هەفتانە جارێك دەبێت، لە ڕۆژی سێشەممەدا.

دوانزدەیەم: ئەو بابەتانەی بۆ بڕیار لەسەردان ئامادە دەکرێن، سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە ڕێگای پێکهاتەی کارگێڕیی خۆیەوە بەلایەنی کەمەوە (٣) ڕۆژ بەر لەوادەی کۆبونەوەی ئەنجومەن، دەخاتە بەردەست ئەندامانی ئەنجومەن.

**ماددەی (١١):**

یەکەم: بۆ هەر یەکێك لە بابەتەکان سەرۆکی ئەنجومەن داوا لە لیژنەکان دەکات کە ڕاپۆرتەکانی خۆیان بخوێننەوە و پاشان بواری گفتوگۆ دەکرێتەوە و هەر ئەندامێك لە سەر کۆی ڕاپۆرتەکە دەتوانێت (٥) خولەك قسە بکات و دووبارە نابێتەوە تەنها لە بارێکدا نەبێت کە بابەتێك بێت پێشتر باس نەکرابێت و بابەتێکی نوێ بێت بە بەڵگەوە.

دووەم: دوای کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکان بە کۆنوسێك سەرجەم بابەتی کۆبوونەوەکە دەنوسرێتەوە و لە لایەن تەواوی ئەندامانی ئامادەبووەوە واژۆ دەکرێت.

**ماددەی (١٢):**

دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە ئاشکرا دەبن و هاوولاَتیان و نوێنەری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆیان هەیە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن ئامادە بن و ڕاستەوخۆش دانیشتنەکان بۆ هاوولاَتیان پەخشبکەن، تەنها لە بارێکدا نەبێت کە بارودۆخەکە پێچەوانەکەی پێویست بکات، ئەویش لەسەر داوای سەرۆك یان لەسەر پێشنیازی پارێزگار یان (١٠) لە ئەندامانی ئەنجومەن و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان لەو کاتەشدا هیچ کەسێك جگە لە ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەی دانیشتنەکە نابێت.

**ماددەی (١٣):**

یەکەم: ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کەیاساڕێگەی پێداوە نەیتوانی ئامادەبێت، ئەوا جێگری سەرۆکی ئەنجومەن کارەکانی دەکات تا ئەو کاتەی سەرۆکی ئەنجومەن خۆی ئامادە دەبێت.

دووەم: لەبارێکدا ئەگەر هەریەك لە سەرۆك و جێگری سەرۆك لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن ئامادەبن، ئەوا لەبەر پێویستی کۆبوونەوەکە بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات، بەلاَم لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك و جێگری سەرۆك بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ ئەوا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی کاتی



ئەنجومەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەنجومەن، ئەنجومەن دەستکراوە دەبێت.

**ماددەی (١٤):**

**سیستەمی (چۆنێتی ) گفتوگۆکردن لەناودانیشتنەکانداو بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان:**

یەکەم: ئەندامی ئەنجومەن بەوەرگرتنی مۆڵەت لەسەرۆکی ئەنجومەن بەبەرزکردنەوەی دەستی دەتوانێت قسەبکات.

دووەم: سەرۆك بەپێی زنجیرەی تۆمارکراو ڕێگە بەو ئەندامانە دەدات قسەبکەن.

سێیەم: کاتی قسەکردن دەبێت ئەندامان ڕووی دەمیان بکەنە سەرۆکی ئەنجومەن.

چوارەم: پێویستە لەسەرئەندامان هەموو گوێبگرن و هیچ گفتوگۆیەکی لاوەکی نەکەن.

پێنجەم: سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت قسەبەئەندامان ببڕێت ئەگەر قسەکانی دووبارە بوو یان لەبابەتی کۆبونەوەکە دەرچوو یان زیاتری خایاند لەوکاتەی کەبۆی دیاری کراوە، یان وەلاَمدانەوەو قسەکردن بێت لەسەر قسەی ئەندامێکی دیکە.

شەشەم: پێش کۆبونەوەکە ئەندامانی ئەنجومەن واژۆی ئامادەبوونی خۆیان دەکەن.

حەوتەم: جێگری سەرۆك ناوی ئەو ئەندامانەی کەئامادەنەبوون یان پاساویان هەیە یان مۆڵەتیان وەرگرتووە دەخوێنێتەوە.

هەشتەم: سەرۆك لەکاتی پێویستدا بڕیار لەسەر پشوو دانێك دەدات کەلەنیو کاتژمێر زیاتر نەبێت.

نۆیەم: هیچ ئەندامێك بەبێوەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆکایەتیی، کۆبونەوەکە بەجێناهێڵێت.

دەیەم: ئەندامی ئەنجومەن لەکاتی دانیشتنەکەدا بۆی هەیە خاڵی پەیڕەو (نقطة نظام ) بخاتە ڕوو لەکاتی گفتوگۆکاندا ئەگەر سەرپێچی لەیەکێك لەمادده یاساییەکان یان دەستوری هەرێم یان حکومەتی فیدراڵی یان پەیڕەو، یان زیادەڕۆیی لەسەر خشتەی کاری دانیشتن ئەنجامدرا، پێویستە ئەو مادده یاساییەی کەسەرپێچی یان پێچەوانەیە ژمارە ودەقەکەی دیاریبکات.

## بەشی چوارەم

## دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن

### ماددەی (١٥):

یەکەم: دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەن لەلایەن بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی دەکرێت و ئەرکەکەی بریتیە لە بەڕێوەبردنی دانیشتنی یەکەم وکاری هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرو سکرتێری ئەنجومەنە.



دووەم: سەرۆکی کاتی ئەنجومەن داوا لەئەندامانی ئەنجومەن دەکات کەئەندامێك دەستنیشان بکەن یان هەڵبژێرن بۆهاوکاریکردنی سەرۆك لەبەڕێوەبردنی دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەندا.

### ماددەی (١٦):

یەکەم: سەرۆکی کاتیی ئەنجومەن لەدوای سوێندخواردنی یاسایی ئەندامانەوە، دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی دەکاتەوە.

دووەم: دوای داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن کاری هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرو سکرتێر بەڕێگەی هەڵبژاردنی ئاشکراو ڕاستەوخۆ دەستپێدەکات.

سێیەم: لەسەرداوای دەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی ئەنجومەن دەکرێت دەنگدان بکرێتە نهێنی و ڕاستەوخۆ.

### ماددەی (١٧):

یەکەم: ئەگەر یەکێك لەئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی داوای بەخشینی لەپلەکەی کرد لەدوای ڕەزامەندی دەربڕین لەلایەن زۆرینەی ڕەهاوە قبوڵ دەکرێت، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر زۆرینەی ڕەهای بەدەست نەهێنا وهەرسوربوو لەسەروازهێنان لێی قبوڵ دەکرێت.

دووەم: ئەگەر پلەی سەرۆك یان جێگر بەهەرهۆیەك چۆڵ بوو بۆماوەی (٢) دوومانگ ئەنجومەن جێگرەوەیەك لە شوێنی دادەنێت وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٦)ی یاساکەدا هاتووە.

سێیەم: ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن لەبەرهەرهۆکارێك کەیاسا ڕێگەی پێداوە نەیتوانی ئامادەبێت، ئەواجێگری سەرۆکی ئەنجومەن کارەکانی سەرۆك ڕادەپەڕێنێ تائەوکاتەی سەرۆك ئامادە دەبێت بەمەرجێك پێچەوانەی بڕگەی (دووی ئەم ماددەیە) نەبێت.

چوارەم: ئەگەر سکرتێری ئەنجومەن بۆ هەر کۆبوونەوەیەك ئامادەنەبوو، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەندامێك بەکاتیی بۆ ئەو کارە ڕادەسپێرێت.

## بەشی پێنجەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا

**ماددەی (١٨):**

یەکەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەك لەم پەیڕەوەدا هاتووە.



دووەم:

١. لەسەرکارلادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانی و بەڕەزامەندی دوولەسەرسێی ئەندامان، سەرۆك یان جێگرەکەی بەلادراو دادەنرێت هەرکاتێك مەرجێکی ئەندامێتی لەدەست بدات یان یەکێ لەهۆیەکانی بڕگەی دووەمی مادەی (٦) ی یاساکەی تێدابوو.
٢. سەرۆك یان جێگرەکەی یان هەرئەندامێك بۆیان هەیە تانوت لەبڕیاری لادانیان بدەن لەلای دادگای کارگێڕی تایبەت لەماوەی (١٥)ڕۆژدا لەمێژووی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان _ عێراق ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

سێیەم:

١. هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن بەزۆرینەی ڕەها لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنی نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و گەر هیچ کاندیدێك ئەو ڕێژەیەی بەدەستنەهێنا ئەوا لەخولی دووەمی هەڵبژاردنی نێو ئەندامانی ئەنجومەن کێبڕکێ دەکەوێتە نێوان ئەودوو پاڵێوراوەی کەزۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوەو کام لەوپاڵێوراوانەزۆرترین دەنگی بەدەست هێنا دەبێتە پارێزگاربەپێی خاڵی (٢) ی بڕگەی سێیەمی مادە(٦)ی یاساکە.
٢. ڕەزامەندیدەربڕین بەزۆرینەی ڕەها بۆ کاندیدکردنی سێ پاڵێوراو لەکۆی پێنج پاڵێوراو کە پارێزگار پێشنیازیاندەکات بەمەبەستی پڕکردنەوەی پۆستی هەردووجێگری پارێزگار ودامەزراندنی

دوانیان بەفەرمانێك دەبێت کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

٣. ڕەزامەندیدەربڕین بەزۆرینەی ڕەها بۆ کاندیدکردنی سێ پاڵێوراو لەکۆی پێنج پاڵێوراو کەپارێزگار پێشنیازیاندەکات بەمەبەستی پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسنوری پارێزگاداو دامەزراندنی یەکێکیان بەفەرمانێك دەبێت کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

چوارەم: پێشنیازکردن بۆدەرچواندنی یاسا لۆکاڵیەکان (خۆجێییەکان)و دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیی و دارایی بەو شێوەیەی بتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات بەپێی پرنسیبی لامەرکەزیی کارگێڕیی و بەشێوەیەك پێچەوانەی دەستورو یاسا فیدراڵیەکان نەبێت.

پێنجەم: بۆجێبەجێکردنی سیستمی لامەرکەزی پێویستە پارێزگار لەکاتی جێبەجێکردنی کاروپرۆژەکاندا ڕاوێژ بەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا (نوێنەری زۆنەکان) بکات لەهەموو بوارەکانداو بەهاوئاهەنگی دوولایەنە لەگەڵ ئیدارە خۆجێییەکانی قەزاو ناحیەکان، لەکاتی بوونی ناکۆکی بۆگەیشتن بەبڕیاری کۆتایی ئەولەویەت (یەکەمینە گرنگەکان ) بۆبڕیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

شەشەم: نەخشەدانانی سیاسەتی گشتیی پارێزگاو دەستنیشانکردنی گرنگترین کارەکان یەکەمینە گرنگەکان لەهەموو بوارەکاندا و بەهاوئاهەنگی دوولایەنە لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و لەکاتی بوونی ناکۆکیی، بڕیاری کۆتایی بۆ بڕیارەکانی دادگای کارگێڕیی هەرێم دەبێت.



حەوتەم: لەسەرئەوبنەمایەی ( ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ) ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراون لەلایەن گەلەوە پێویستە ڕۆڵ و پلەی فەرمانبەرێتیان لەبەرچاوبگیرێت.

هەشتەم: پێشنیازکردنی لەسەرکارلادانی بەڕێوەبەرەگشتیەکان لەسنوری پارێزگادا بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لەسەر داوای پاریزگار، یان پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی و بەرزکردنەوەی لەڕێگای وەزیری پسپۆڕەوە بۆئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی لادانی هەیە بەپشت بەستن بەخاڵی (١) ی بڕگەی دووەمی مادە(٦)ی یاساکە.

نۆیەم: پەسەندکردنی پەیرەوی ناوخۆ بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامان، لەماوەی یەك مانگدا لەمێژووی دانیشتنی یەکەمەوە پەسەندبکرێت.

دەیەم: پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەوخەڵات و بەخشانەی کەپێشکەش بە ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت بەدەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

یازدەیەم: دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەوکارانەی کەزۆرگرنگە ئەولەویەت (یەکەمینە گرنگەکان ) لەهەموو بوارەکاندا و نەخشەدانانی سیاسەتەکانی و دانانی پلانەستراتیژەکان بۆگەشەپێدانی بەشێوەیەك کەپێچەوانەی گەشەپێدانی نیشتمانی نەبێت.

دوانزدەیەم: ئەنجومەن بۆی هەیە نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی پەسەندبکات یان دیزاین کردنەوەی یەکە کارگێڕیەکان لەپارێزگادا دووبارەبکاتەوە.

سیانزدەیەم: لێپێچینەوە لەگەڵ پارێزگار یان یەکێك لەجێگرەکانی لەسەرداوای سێ یەکی ئەندامان دەبێ و لەکاتی باوەڕنەهێنانی زۆرینەی سادە بەوەڵامەکانیان ، ئەوا داوای لادانیان لەدانیشتنی دووەمدا دەخرێتە دەنگدانەوە و پارێزگار یان یەکێك لەجێگرەکانی بەلادراو دادەنرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بەزۆرینەی دوولەسەرسێی ئەندامانی و داواکاری لادانەکە یان ڕاسپاردنی دەبێت پشت بەیەکێك لەوهۆیانە ببەستێ کەلەخاڵی (١) ی بڕگەی دووەمی مادە(٦)ی یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە.

چواردەیەم: دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی خۆجێیەتی هەموو بڕیاروپەیڕەو و ڕێنمایی وئەوفەرمان و چالاکیانەی تێدابڵاوبکرێتەوە کە ئەنجومەن دەریان دەکات.

پانزدەیەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆتۆمارکردنی لەپرۆژەی بودجەی پارێزگا.

شانزدەیەم: پەسەندکردنی پرۆژە بودجەی پارێزگا کەلەلایەن پارێزگارەوەو بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ڕەوانە کراوە وبەوەمەرجەی پێوەری یاسایی سیستمیەکان لەدابەشکردنی تەرخانکراوەکان بۆسەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان ڕەچاوبکرێت وپاشان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەرزبکرێتەوە.

حەڤدەیەم: چاودێریکردنی گشت چالاکییەکانی دەستە خۆجێیە جێبەجێکارەکان بۆزامنکردنی باش جێبەجێکردنی کارەکانی جگە لەو دەستەو فەرمانگانەی کە لە بڕگەی (١١)ی ماددەی (٦)ی یاساکەدا ئاماژەیانپێدراوە.



هەژدەیەم:

١. ڕەزامەندی دەربڕین بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەرپێشنیازی بەجێگەیاندنی گۆڕانکاری کارگێڕی لەقەزاو ناحیەوگوندەکان بەلێکدانیان و لەنوێ دانان و گۆڕینی ناوو سەنتەرەکانیان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لەپێکهاتەی کارگێڕی لەچوارچێوەی سنوری پارێزگا و ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت.
٢. پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لەنێوان ئەندامانی بۆچاودێریکردنی دەزگا یان چالاکی دەستەکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستی پارێزگا و بۆی هەیە پشت بەشارەزاو ڕاوێژکاران ببەستێت.

نۆزدەیەم: پێشنیازکردنی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوان لەحاڵەتی ڕوودانی کارەساتدا ، داوالەحکومەتی هەرێم بکات لەسنوری پارێزگادا یارمەتی پێشکەش بکات.

بیست: لەسەرداوای پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن لەهەرکاتێکدا ئەنجومەن بۆی هەیە داوای ئامادەبوونی هەرفەرمانبەرێك بکات لەوکاروبارەی کەپەیوەندی بەفەرمانگەکەیەوە هەیە.

بیست و یەك: ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنەکانی شارەوانیی بۆ یەکەکارگێڕیەکان بەپەیڕەوێکی تایبەتی پێکدێنێ کەئەنجومەنی وەزیران لەسەرپێشنیازی وەزارەتی شارەوانیی دەریدەکات.

بیست و دوو: ئەنجومەنی پارێزگا، دەکەوێتە بەرچاودێریی پەرلەمانی کوردستان.

بیست و سێ: ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە پێشنیازی هەموارکردن و گۆڕینی ناوو سەنتەری قەزا بکات بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئەمەش بەڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێبەجێدەبێت.

## بەشی شەشەم

## ئەرك ودەسەلأتەكانی سەرۆكی ئەنجومەن

**ماددەی (١٩):**

سەرۆكی ئەنجومەن، پابەندەبێت بە پەیڕەوكردنی دەستوورو یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەوە.

**ماددەی (٢٠):**

سەرۆكی ئەنجومەن نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەكات لەبەرامبەر دامەزراوە فەرمیەكاندا و بەناوی ئەنجومەنەوە قسەدەكات.

**ماددەی (٢١):**

كردنەوەی دانیشتنەكانی ئەنجومەن و سەرۆكایەتیكردنیان و داخستنی كۆبونەوەكان و دواخستنیان بەپێی بڕگە(٥) ی مادە(١٠) ی ئەم پەیڕەوە.



**ماددەی (٢٢):**

بەڕێوەبردنی گفتوگۆكان وپارێزگاریی سیستمەكان و ڕێكخستنی دانیشتنەكان ودیاریكردنی بابەتی لێدوان و ڕاكێشانی سەرنجی قسەكەر بۆپابەندبوون بە بابەتەوە و بۆی هەیە هەربابەتێك ڕوون بكاتەوە كەڕوون نییە.

**ماددەی (٢٣):**

یەكەم: خستنەڕووی ئەوبابەتانەی دەخوازرێت دەنگی لەسەر بدرێ و ڕاگەیاندنی ئەنجامی دەنگدانەكەیش.
دووەم: نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەكات لەبۆنە نیشتمانییەكان وبۆنەكانی ترو بۆی هەیە جێگر، یان سكرتێر، یان ئەندامێكی تری ئەنجومەن بۆ ئەومەبەستە ڕابسپێرێت.
سێیەم: سەرپەرشتیی كۆبوونەوەكانی دەستەی سەرۆكایەتیی و سەرجەم كاروبارەكانی ئەنجومەن دەكات.

**ماددەی (٢٤):**

واژۆكردن لەسەر نوسراوە فەرمییەكانی لەیەكگەیشتن و نافەرمییەكانی كەپابەندبونیان تێدانییە بۆ ئەنجومەن.

**ماددەی (٢٥):**

**یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەن سەرپەرشتیی کاروباری لیژنەکان دەکات و هەوڵی پێویست دەدات بۆکاراکردنیان.**

**دووەم: سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە بەشێك لەدەسەڵاتەکانی بدات بەجێگرەکەی.**

**سێیەم: بەهاوئاهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن چاودێری و سەرپەرشتی کاری سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی ئەنجومەن و بەگەڕخستنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەم بوارەدا بەڕەچاوکردنی یاسا.**

**چوارەم: مافی پێدانی مۆڵەتی ئاسایی هەیە بە جێگرو سکرتێرو ئەندامانی ئەنجومەن، لەکاتی پێویستدا.**

**پێنجەم: دوای بەدەستهێنانی ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوە، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، دەنگی ئەو لایە پەسەندەکرێت کە سەرۆکی لەگەڵدایە.**

## بەشی حەوتەم

## ئەرك ودەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

**ماددەی (٢٦):**

**یەکەم: ئەرکی سەرۆك بەجێدەهێنێت لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا.**

**دووەم: بەجێگەیاندنی ئەو دەسەڵات و ئەرکانەی کە لەلایەن سەرۆکەوە پێیدەدرێت.**



**سێیەم: چاودێریی کاروباری لیژنەکان دەکات و بەدواداچوونیان بۆ دەکات، ڕاپۆرت دەربارەیان پێشکەش بە سەرۆك دەکات.**

**چوارەم: لەدانیشتنی تازەدا کورتەی کۆنوسی دانیشتنی ڕابردوو دەخوێنێتەوە.**

**پێنجەم: بەشداریی لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتیدا دەکات.**

**شەشەم: سەرپەرشتیی کاروبارە کارگێڕییەکانی ناو ئەنجومەن دەکات، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە سەرۆکی ئەنجومەن بۆی دیاریدەکات.**

**حەوتەم: نوێنەرایەتیی ئەنجومەن دەکات لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا.**

## بەشی هەشتەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی سکرتێری ئەنجومەن

**ماددەی (٢٧):**

**یەکەم: سکرتێر، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتییە.**

**دووەم: سەرپەرشتی تۆمارو نوسینی خشتەی کاری دانیشتنەکان و ئامادەکردن و چاپکردنیان و دابەشکردنیان بەسەر ئەندامان و ئەرشیڤی تایبەتیان بۆ ئامادەدەکات.**

**سێیەم: ڕێکخستن و جێگیرکردنی خشتەیەك بۆئەوەی داواکاری قسەکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لەدانیشتنەکاندا بەگوێرەی ڕیزبەندی کاتی داواکارییەکانیانی تێدابێت.**

چوارەم: ڕێکخستنی خشتەی کار بۆهەردانیشتنێکی ئەنجومەن بەهاوئاهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن، یان جێگرەکەی و ئاگادارکردنەوەی ئەندامان سێ ڕۆژ پێش کۆبونەوەو بڕگەکانی خشتەی کار بەگوێرەی ڕیزبەندیی ڕۆژەکان دەمێنێتەوە، هەر گۆڕانکارییەك لە کارنامەکەدا ڕوویدات، پێش (٢٤) سەعات لەوادەی کۆبوونەوەکە، ئەندامان ئاگاداردەکاتەوە.

پێنجەم: ئامادەکردنی تۆمارێکی تایبەت بەئامادەبوون و نەهاتنی ئەندامان بۆکۆبونەوەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەرنەهاتنی ئەندامان لەدانیشتنی ڕابردوودا و وەرگرتنی واژۆی ئامادەبوون لەسەرەتای هەردانیشتنێکدا کەئەنجومەن ئەنجامی دەدات.

شەشەم: نوسینەوەی بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێنماییەکان بەگوێرەی ئەوەی ئەنجومەن بڕیاری لێدەدات لەدانیشتنی فەرمیدا.

حەوتەم: ڕاگرتنی تۆمارێکی تایبەت بەکۆنوسی دانیشتنەکان کەپەڕەکانی ژمارەیان لەسەر بێ و نوسینی هەرگفتوگۆیەك کە لەو دانیشتنانەدا دەکرێت‌و پاراستنی لەتۆمارە ئەلیکترۆنیەکاندا.

هەشتەم: هەرکارێکی ڕێکخستنی تر کە سەرۆك ئاماژەی پێدابێت بەپێی بڕیارەکانی ئەم پەیڕەوە.

نۆیەم: سکرتێر، وەك هەر ئەندامێکی تری ئەنجومەن مافی خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکان و ئەندامێتیی لە لیژنەکاندا، بەپێی ئەو پێوەرانەی لەم پەیڕەوەدا هاتوون.



## بەشی نۆیەم

## ئەرك ومافەکانی ئەندامێتیی ئەنجومەن

**ماددەی (٢٨):**

یەکەم: ناکرێت لەیەك کاتدا ئەندامێتیی ئەنجومەن و پلەیەکی فەرمانبەرێتیی یان پۆستێکی کارگێڕیی لەیەك کەسدا کۆبکرێتەوەو پێویستە ئەندامی ئەنجومەن بەتەواوەتی خۆی بۆکارەکانی ئەنجومەن تەرخانبکات.

دووەم: ئەندامی ئەنجومەن پابەند دەبێت بەئامادەبوون لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و ئەو لیژنانەی ئەندامە تیایاندا و ناکرێ ئامادە نەبێت تەنها بەبوونی پاساوێك کە سەرۆکی ئەنجومەن، یان سەرۆکی لیژنەکەی ڕێی پێدەدات.

سێیەم: ئەندامی ئەنجومەن مافی هەیە لە ماوەی خولێکی ساڵانەی ئەنجومەندا مۆڵەتی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ، بەجیاجیا، یان پێکەوە لەسەرۆکی ئەنجومەن وەربگرێت، ئەگەر مۆڵەتی لەوماوەیە زیاتر ویست ئەوا پێویستی بەڕەزامەندی زۆرینەی سادەی ئەندامان دەبێت، بەمەرجێك مۆڵەتپێدراوان ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوەکان تێکنەدەن.

چوارەم: ئەندام لەکاتی نەخۆشیدا سوود لەمۆڵەتی تەندروستی وەردەگرێت.

پێنجەم: ئەندامان دەنگەکانیان لەیەك ئاستدایە و یەکسانن و مافی تایبەتی خۆیانە وکەس ناتوانێ لەجێگەی کەس دەنگ بدات.

شەشەم: ئەندام بۆی هەیە خۆی بۆ هەرپلەیەك لەپلەكانی دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامیەتی لیژنەكان و سەرۆكایەتی كردنی لیژنەكان بپاڵێوێت.

حەوتەم: ئەندامانی ئەنجومەن مافی بینینی كاری هەرلیژنەیەكیان هەیە، ئەگەر ئەندامیش نەبن لە لیژنەكەدا، بەشێوەیەك دەست تێوەردان نەبێت لەكارە ئیداریەكانیان و تەنها لەكاتێكدا كەئەنجومەن بڕیاری ئەوەی دابێت.

هەشتەم:

١. نابێت ئەندامی ئەنجومەن ڕاوەدوو بنرێت بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجومەن بەنوسین، تەنها لەبارێكدا نەبێت كەتاوانێك یان كەتنێكی ئەنجام دابێت و پێیەوە گیرابێت، وادادەنرێت كەخزمەتێكی گشتی پێسپێردرابێت بۆمەبەستی پیادەكردنی یاسای سزاكان.
٢. ئەندامانی ئەنجومەن ئازادیی تەواویان هەیە لەوتووێژەكانی ناوئەنجومەن لە دەربڕینی ڕاوبۆچوونەكانیان، نابێت بەهیچ شێوەیەك لەسەر بیروبۆچونەكانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێت.

نۆیەم: ئەندامی ئەنجومەن مافی ڕەخنەگرتنی نییە لەكاتی بەنەهاتوو هەژماركردنیدا بەرامبەر بەو بڕیار و ڕاسپاردانەی كەدەردەكرێت ئەگەر پاساوێكی یاسایی نەبێت.

دەیەم: ئەندامی ئەنجومەن بەداواكاریەكی فەرمیی داوای مۆڵەت لەدەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات سەبارەت بەدانیشتنی ئەنجومەن، بەڵام بۆ كۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەییەكان (٢) ڕۆژ پێش كۆبونەوە داواكاریی پێشكەش بەسەرۆكی لیژنە دەكات.



یانزدەیەم: ئەندامی ئەنجومەن خاوەنی (حصانە)یە، چونكە لەلایەن گەلەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوە پێویستە ئەومافەیان لەبەرچاوبگیرێت.

دوانزدەیەم:

١. بەسەرۆكایەتیی و ئەندامانی ئەنجومەن پاداشتێكی مانگانەی بڕاوە دەدرێ كە ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەكات.
٢. سەرۆكایەتیی و ئەندامانی ئەنجومەن لەكاتی تەواوبوونی ماوەی هەڵبژاردنیاندا پاداشتێك وەردەگرن كەیەكسان بێت بەپاداشتی شەش مانگی كۆتایی ئەندامێتی، هەژمارناكرێ لەگەڵ ئەوەی دەیكەوێ لەوپاداشتەی بەپێی یاسای خانەنشینیی شارستانیی جێبەجێكراو لەكۆتایی خزمەتكرنیدا بەرامبەر بەخزمەتی فەرمانەكەی دەیكەوێت.
٣. كاری ئەندامێتیی لەئەنجومەندا بەخزمەت هەژمار دەكرێت بۆمەبەستی سەرەمووچە و پلەبەرزكردنەوەو خانەنشینی.
٤. سەرۆكایەتیی و ئەندامانی ئەنجومەن مووچەیەكی خانەنشینی بەڕێژەی ( ٨٠٪) ی ئەوپاداشتەی كەمانگانە لەكاتی خزمەتكردندا وەریاندەگرت دەكەوێت ، یان سوودوەرگرتن لەتواناو پسپۆڕیان لەفەرمانگە جۆربەجۆرەكان بەهەمان پلەی ئێستایان.

سیانزدەیەم: نابێت ئەندامانی ئەنجومەن پلەكەیان بەكاربهێنن بۆبەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و كەس و كاریان.

چواردەیەم: نابێت ئەندامانی ئەنجومەن ئەوزانیاریانەی كەبەبڕیاری ئەنجومەن بەنهێنی دادەنرێت بۆهیچ مەبەستێك بدركێنن وهیچ كارێكی پێچەوانەی بەرژەوەندیەكانی ئەنجومەن ئەنجام بدەن.

پانزدەیەم:

١. ئامادەنەبوونی ئەندام لەماوەی (٣) کۆبونەوەی یەك لەدوای یەکی ئەنجومەن یان لیژنەکان بەبێ پاساو ئەوا سەرۆکی ئەنجومەن ئەندامەکە و فراکسیۆنەکەی لێئاگاداردەکاتەوە.
٢. ئەگەر ئەندام زیاتر لەمانگێك ئامادەی کۆبونەوەکان نەبوو بەبێ ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەن ئاگادار بکاتەوە ئەوا ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەری دەگیرێتەبەر.

شانزدەیەم:

١. دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن بەفەراهەمکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکان.
٢. دابینکردنی ئەمنیەتی ئەندامان لەئەستۆی ئەنجومەندایە.
٣. دابینکردنی شوێنی شایستەی مانەوە بۆئەو ئەندامانەی کەلەدەرەوەی ناوەندی سلێمانی هاتوچۆی ناوەند دەکەن.

حەڤدەیەم: ئەنجومەن بەزۆرینەی سادە دەتوانێ بڕیار بدات بەبەشدارینەکردنی ئەندامێك لەدانیشتنێك یان زیاتر ئەگەر کارێکی کرد بە لەسنوور دەرچوون هەژمارکرا.

هەژدەیەم: پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بەئەندامی ئەنجومەن دادەنرێت لەڕۆژی پەسەندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە، لەو



کاتەوە هەموو مافێکی ئەندامێتیی دەبێت و، دوای سوێندخواردنی یاسایی دەستبەکاردەبێت.

نۆزدەیەم: ئەندامی ئەنجومەن بۆی نیە لەبۆنە و ئاهەنگە فەرمیەکاندا بەناوی ئەنجومەنەوە قسەبکات تەنها بەمۆڵەت یان لەسەرداوای سەرۆکی ئەنجومەن نەبێت.

بیستەم: خۆپاراستنی ئەندام لەهاوکاری و هاندانی هەرکەس و لایەنێك بەهەرڕێگەیەك بێت بۆ ئەو کارو چالاکیانەی قەدەغەکراون یان پێچەوانە و سەرپێچین لەیاساو ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵ.

بیست ویەکەم: دەرنەکەوتنی ئەندام بەشێوەیەك کەشیاوی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا نەبێت و جیاواز و نەشیاوبێت بەکەلتوری ناوچەکە.

بیست ودووەم: پێویستە هاوکاریی ئەندامانی ئەنجومەن بکرێت، لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لەکاتی تووشبوون بە ڕووداوێکی نەخوازراودا.

## بەشی دەیەم

## مەرجی ئەندامێتیی ئەنجومەن

**ماددەی (٢٩):**

**یەکەم: پێویستە عێراقی بێت و بەتەواوی شیاوبێ و (٢٥) ساڵ لەتەمەنی لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا تەواوکردبێت.**

**دووەم: پێویستە بەلایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێت.**

**سێیەم: پێویستە خوڕەوشت و ناوبانگی باش بێت و بەهیچ تاوانێك و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.**

**چوارەم: پێویستە لەڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕیەکە بێت بەپێی تۆماری باری شارستانیی، یان بەشێوەیەکی بەردەوام بۆماوەیەك لە(١٠) ساڵ کەمتر نەبێت لێی دانیشتبێت بەمەرجێك نیشتەجێ بوونەکە بۆمەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.**

**پێنجەم: نابێت لەکەسەکانی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.**

**شەشەم: نابێت بەشداریی لەو تاوانانەدا کردبێت کەڕژێمی بەعس نەخشەی بۆکێشابوون یان جێبەجێیکردبوون، یان ئەنجامی داون.**



**حەوتەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن سوێندی یاسایی دەخۆن وەکو ئەوەی لەبڕگەی (یەکەم)ی مادە(١٦) ی یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە.**

## بەشی یانزدەیەم

## کۆتایهاتنی ئەندامێتیی

**ماددەی(٣٠):**

**یەکەم: کۆتایی هاتنی ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن، بەڕەچاوکردنی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٧)ی ئەم پەیڕەوە.**

**دووەم: لەکاتی مردن یان توشبون بەنەخۆشیەکی قورسی ترسناك کەڕێگربێت لەبەردەم بەردەوامبوونی لەسەرکارەکەی بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیی دوای لەبەرچاوگرتن و جێبەجێکردنی مافەیاساییەکان بۆی.**

**سێیەم: وازهێنانی ئەندام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بەزۆرینەی ژمارەی دەنگی ئەندامانی.**

**چوارەم: لادانی ئەندام لەسەرکارەکەی بەهۆی ئامادەنەبونی لە(٥) کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەك یاخود ئامادەنەبونی لە(٨) کۆبوونەوەی ئەنجومەن لەماوەی (٤) مانگدا بەبێ پاساوی ڕەوا.**

**پێنجەم: ئەنجومەن بۆی هەیە کۆتایی بەئەندامێتی ئەندامێکی بهێنێ بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لەکاتی لەدەست دانی یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتیی، یان یەکێك لەهۆیەکانی بڕگەی(٢)ی ماددەی(٦)ی یاساکە.**

**شەشەم:** هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن بەبڕیارێك لەلایەن خۆیەوە بەڕەزامەندی (٢\٣) ژمارەی ئەندامان بەپشتبەستن بەداواکاریی (١\٣ ) سێ یەکی ئەندامان لەکاتی هاتنەدی ئەو هۆکارانەی پێویستن بۆهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا، وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٣١)ی یاساکەدا هاتووە.

**حەوتەم:** لەکاتی وەرگرتنی پۆستێکی حکومیی، یان هەر هۆکارێك لە هۆکارەکانی وازهێنان، یان کۆتایهێنان بە ئەندامێتیی، ئەندامێکی تری هەمان لیست بەپێی بڕگەی (١) لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩، جێگەی دەگرێتەوە.

**هەشتەم:** ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە تانوت لەبڕیاری کۆتاپێهێنانی ئەندامێتیی بدات لەبەردەم دادگای کارگێڕی تایبەت لەهەرێمدا.

## بەشی دوانزدەیەم

## لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان

### ماددەی (٣١):

لیژنەکانی ئەنجومەن پێکدێن لەم لیژنانە:

أ- لیژنە هەمیشەییەکان:

**یەکەم:** لیژنەی کاروباری یاسایی.

**دووەم:** لیژنەی تەندروستیی و ژینگە.



**سێیەم:** لیژنەی پەروەردە و فێرکردن.

**چوارەم:** لیژنەی کارگێڕیی و دارایی و ئابووری.

**پێنجەم:** لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**شەشەم:** لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاییباران و جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر.

**حەوتەم:** لیژنەی سکالاْ و بەدواداچون و دەستپاکی.

**هەشتەم:** لیژنەی وەرزش و لاوان.

**نۆیەم:** لیژنەی کاروباری ئاینی.

**دەیەم:** لیژنەی پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و سەرچاوە سروشتییەکان.

**یانزدەیەم:** لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیی و هاتوچۆو گواستنەوە و گەیاندن.

**دوانزدەیەم:** لیژنەی پارێزگاریی (ئاسایش، پۆلیس، بەرگریی شارستانی).

**سیانزدەیەم:** لیژنەی هونەریی (پلان و پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار).

**چواردەیەم:** لیژنەی کاروباری کۆمەلأیەتیی.

**پانزدەیەم:** لیژنەی ڕۆشنبیریی و هونەرو ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار.

**شانزدەیەم:** لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ئەندامان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان.

**حەڤدەیەم:** لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچ و کۆچبەران.

ب– لیژنە کاتییەکان.

**ماددەی (٣٢):**

أ– کارو تایبەتمەندیی لیژنە هەمیشەییەکان:

**یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی:**

١. چاودێری ئەو کاروبارانەی تایبەتن بەکاری ئەنجومەن و سروشتێکی یاساییان هەیە و بەدواداچونی هەموو ئەو دادبینی و داواکاریانەی تایبەتن بەئەنجومەن و دەگەنە دادگا.

٢. دڵنیابوون لە یاسا ناوخۆییەکان و پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیار وفەرمانە ئیدارییەکان لەدروستیان لەڕووی یاسایی و زمانەوانی و فۆرمەوە.

٣. دانانی خشتەیەکی تایبەت بەوپڕۆژە یاسایی یانەی لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە پێشنیاز دەکرێن، کەپۆلێنکردنی یاساکان لەڕووی (ژمارەو جۆری یاسا و ئەولایەنەی پێشنیازیکردووە و دیاریکردنی ئەوقۆناغانەی ئەم یاسایە پێیدا تێپەڕیوە) بەپشتبەستن بەو بەجێهێنانە یاساییانەی لەم پەیڕەوەدا ئاماژەیان پێدراوە و گۆڕین و نوێکردنەوەیان بەبەردەوامی.

٤. چاودێریکردنی هەموو بەشە یاساییەکانی پارێزگا.

٥. چاودێریکردنی بەشی یاسا (کارە یاساییەکان) لەئەنجومەنی پارێزگادا.

٦. چاودێریی ئەوگرێبەستانەی لەپارێزگا دەبەسترێن لەڕووی یاساییەوە.

٧. چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە لەناو ئەنجومەنی پارێزگادا.



٨. هەربابەتێکی تر کەدەستەی سەرۆکایەتی بیەوێت ڕاوێژ بە لیژنەی یاسایی بکات.

٩. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

**دووەم: لیژنەی تەندروستیی وژینگە:**

١. چاودێریی و بەدواداچونی سیاسەتی تەندروستیی و ژینگەیی لەسنوری پارێزگادا و پەرەپێدانی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکان.

٢. بەدواداچونی پلانی دابینکردنی دەرمان و ئەوپێداویستییە پزیشکیانەی نەخۆشخانەکان و ناوەندە تەندروستییەکان پێویستیانن.

٣. بەدواداچونی جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییە ژینگەییەکانی تایبەت بەپاراستنی ژینگە.

٤. چاودێری کاروباری تەندروستیی گشتیی و دامەزراوەکان و پەرەپێدانیان.

٥. کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی لەڕێگەی بەستنی کۆنگرە و کۆبونەوەی گشتی بەهاوکاری لایەنی پەیوەندیدارەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

٦. هاوئاهەنگی لەنێوان ڕێکخراوە مرۆییەکان و کەرتی تایبەت بەمەبەستی پەرەپێدانی بارودۆخی تەندروستی و ژینگەیی بۆ گەیشتن بەپڕۆژەی تەندروستی و ژینگەیی پێویست.

٧. جێگیرکردنی ناوچە سەوزاییەکان لە ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکاندا، بەپێی ستانداردە ئەندازەییەکان، چاودێریی و پاراستنی

ناوچە سەوزاییەکان و باخچەکان و پارێزراوە سروشتییەکان (المحميات الطبيعية)و هەوڵدان بۆپەرەپێدانیان.

٨. گرنگیدان بەکادری تەندروستیی و ژینگەیی و هەڵی جێگیربونیان بۆدابینبکرێت و پەرەیان پێبدرێت لەسنوری پارێزگادا.

٩. هاوئاهەنگی لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەربارەی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشەکان لەدەرەوەی وڵات.

١٠. چاودێریی و بەدواداچون بۆکێشەو گیروگرفت و پرۆژەکانی بواری تەندروستیی و چاودێریی دەرمانخانەو نۆرینگە پزیشکییەکان لەڕووی جۆرو نرخەوە.

١١. چاودێریی لەناوبردنی خۆڵ و خاشاك و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان، چارەسەرکردنی ئاوی قورس و سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی بۆ ئاودێریی.

١٢. هەوڵدان بۆکردنەوەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن و مناڵان و مناڵبوون لەسەرجەم قەزاکانی پارێزگای سلێمانیدا.

١٣. کارکردن بۆدابینکردنی بیمەی تەندروستیی بۆ هاووڵاتیان و لەئەستۆگرتنی تێچوی چارەسەری ئەو نەخۆشانەی لەناوخۆ چارەسەریان نییەو دابینکردنی مافەکانی نەخۆش.

١٤. کارکردن بۆ زیادکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ (٣) نەخۆشخانە لەناوەند و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سلێمانی.

١٥. کارکردن بۆکردنەوەی بەشی پزیشکی دادوەری (الطب العدلي) لە قەزاکاندا و گرنگیدانی زیاتر بەنەخۆشخانەی قەزاو ناحیەکان لەڕووی تەواوی پێداویستیەکانەوە بۆئەوەی فشاری سەرناوەندی پارێزگا کەم بکرێتەوە.



١٦. هەوڵدان بۆ ئیشکردن بە مواسەفاتی نێودەوڵەتیی ئایزۆ (ISO)ی ژینگەیی لەسەرجەم کارگەکاندا.

١٧. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

**سێیەم: لیژنەی پەروەردەو فێرکردن:**

١. چاودێری وبەدواداچونی ئەوکاروبارانەی پەیوەندیان بەبواری پەروەردەوە هەیە بۆهەموو قۆناغ و بەرنامەکانیان بە خوێندنگا حکومیی و تایبەتیی و ئەهلییەکانیشەوە.

٢. هێنانەدی ئامانجی مرۆیی فێربوون لەکارە یەکەمینەکانی حکومەت دابنرێت.

٣. هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییە پەروەردەییەکان بۆبەرزکردنەوەی ئاستی وانەوتنەوەی کادیرانی پەروەردە لەڕێگەی بەدەستهێنانی بەهرەی زانستیی و ئەزمونی پەروەردەیی بەبەشداریکردنیان لە کۆرس و سیمیناری پەروەردەیی لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا.

٤. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی خوێندنی بنەڕەتیی وەك مەرج بۆ هەموو خوێندکاران و پەرەپێدانی خوێندنی تەوزیمی.

٥. ڕەخساندنی بەهای یەکسانیی و پاکیی لەکاروباری پەروەردەدا و گرنگیپێدانی پەیامی پەروەردەیی.

٦. بایەخدانی زیاتر بە خوێندنگای قەزاو ناحیەو گوندەکان.

٧. بەرگری لەمافی مامۆستا و خوێندکار بەپێی ئەو بنەمایانەی کەیاسا دیاریکردوون.

٨. دورخستنەوەی دەستی حزب لە کاروباری پەروەردەو قەدەغەکردنی کاری حزبیی لەخوێندنگاکاندا.

٩. دروستکردنی دایەنگاو باخچەی ساوایان لەهەموو گەڕەکێکی (شاری سلێمانی و قەزاو ناحیەکان)دا و کردنەوەی دایەنگای پێویست لە فەرمانگاکاندا.

١٠. دروستکردنی بینای نوێ بۆ خوێندنگاکان بۆئەوەی هەر خوێندنگایەك یەك دەوامی تیابێت و بەشێوازێکی سەردەمیانە بێت کە تاقیگاو گۆڕەپان و هۆڵی وەرزشی و کافتریاو هۆڵی کۆمپیوتەرو کتێبخانەو مەلەوانگەو باخچە لەخۆ بگرێت، نوێکردنەوەی ئەو خوێندنگایانەی پێویستیان بەنوێکردنەوەیە.

١١. پەیڕەوکردنی پسپۆڕێتی لە وتنەوەی وانەکان و بەرزکردنەوەی تواناو شارەزایی مامۆستایان و ڕەخساندنی هەل بۆ ئەو مامۆستایانەی دەیانەوێت درێژە بەخوێندن بدەن.

١٢. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازیی لە نێوان خوێندنگا حکومیی و ئەهلییەکانداو پەرەپێدانی زیاتری خوێندنگا حکومییەکان.

١٣. هەوڵدان بۆ کردنەوەی تاقیگەی زانستیی و دابینکردنی کەرەستەو تەکنۆلۆژیای نوێ و پێداویستییەکانیان.

١٤. گرنگیدان بەبواری کۆمەڵایەتی و دەرونی خوێندکاران لەڕێگەی دابینکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی بۆئەوخوێندنگایانەی توێژەریان نیە وکردنەوەی خولی زیاتر بۆ پەرەپێدانی توێژەرەکان.



١٥. هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی دروست لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا و بەستنی کۆڕو سیمینارو کۆبونەوەی ساڵانە لەوبارەیەوە.

١٦. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

**چوارەم: لیژنەی کارگێڕیی و دارایی و ئابووری:**

١. بینینی سەرجەم ئەوەی پەیوەندیی بەبودجەی گشتیی پارێزگاو ژمێرەو خەرجییە کۆتاییەکان (الحسابات الختامیة)وە هەیە هەروەها پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لەسەر سەرجەم بەش و لایەنەکانی تایبەت بەم بوارە بەئەنجومەنی پارێزگا.
٢. چاودێریکردنی باری ژیانی هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی ڕاوێژو پرۆژەی تایبەت سەبارەت بەبەرزکردنەوەی ئاستی ئابوریی پارێزگا.
٣. چاودێریکردنی بازاڕ لە ڕووی نرخی شتومەك و کواڵێتیی، بەهەموو جۆرە کاڵاکانەوە، چاودێریکردنی نرخی بەکرێدان و خزمەتگوزاریی شوێنە جیاجیاکان، بەدواداچوون بۆ داهاتی هاووڵاتیان و بەراوردکردنی بەنرخی شتومەك لەبازاڕدا، پێشکەشکردنی پێشنیاز سەبارەت بەم پرسانە.
٤. پێشکەشکردنی پرۆژەو چارەسەر لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی کوتوپڕی ئابوریدا.
٥. چاودێریکردنی باری ئابوریی پارێزگا بەگشتیی و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دابەزینی ئابوریی پارێزگاو گۆڕانکاریی لە باری ئابوریداو بەراوردکردنی ساڵانە بۆ چاودێریی چۆنێتیی گەشەکردن و لاوازبونی، هەوڵدان بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی ئابوریی کە بگونجێت لەگەڵ باری ئابوریی پارێزگاکەداو پێشکەشکردنی بە پارێزگا.

٦. چاودێریکردنی بڕی ئەو پارانەی کە وەك باج و رسومات و داهات بەهەموو شێوەکانیەوە لەسەر هاووڵاتیان و بازرگانان دادەنرێن و چۆنێتیی سەرفکردنیان لەلایەن فەرمانگەکانی سەر بە پارێزگاوە.

٧. چاودێریکردنی ڕێژەی بێکاریی لە پارێزگاداو هەوڵدان بۆ هاندان بۆ داڕشتنی پلانێك کە بتوانێت ڕێژەی بێکاریی بەرەو کەمکردنەوە بەرێت.

٨. چاودێریکردنی کەرتە تایبەتەکان و کاریگەریی پرۆژەکانیان لەسەر هاووڵاتیان بەجۆرێك کە خزمەت بە بەرزکردنەوەی باری ئابوریی و کەمکردنەوەی بێکاریی بکات.

٩. پشتگیریکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازیی، گەشتوگوزار بۆ ئەوەی کە پارێزگا داهاتێکی تایبەتی خۆی مسۆگەر بکات لەکاتی هەر قەیرانێکی ئابوریی و تەنها پشت بەیەك سەرچاوەی داهات نەبەسترێت، دورکەوتنەوە لە ئابوریی یەك جەمسەرو دروستکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان.

١٠. چاودێریکردن و بایەخدان بە بانکە حکومیی و تایبەتەکان و دروستکردنی پەیوەندییەکی شیاوو متمانەدار لە نێوان خەڵك و پارەدارو بانکەکاندا.

١١. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین، کاراترکردنی کاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتیان لە دامودەزگاکانداو پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەلکترۆنیی.

١٢. بەدواداچونی سەرجەم ئیشوکاری بەشە ژمێریاریی و کارگێڕیی و وردبینیی و لیژنەکانی کڕین و گرێبەست و نرخاندن و خەمڵاندن لە هەموو فەرمانگەکاندا.

١٣. ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی ئەنجومەنی پارێزگا.



١٤. هەماهەنگیی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر ئەوبابەتانەی پەیوەندیدارن بەبودجەی پارێزگاو ئەنجومەن.

١٥. چاودێریکردنی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی هەرێمەکان و پترۆدۆلارو داهاتی ناوخۆو هەموو بەدجەو خەرجییەکانی تر لە پارێزگادا.

١٦. کارکردن بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی کوالێتیی (نظام إدارة الجودة ISO)، بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدارەو نەهێشتنی گەندەڵیی.

١٧. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی تەرخانکردنی بوجەی پێویست لە هەر پرۆژەیەك بۆ ئامادەکردنی دیزاین و ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵ.

١٨. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی بازاڕ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

١٩. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## پێنجەم: لیژنەی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو:

١. چاودێریی و بەدواداچونی کاروباری کشتوکاڵیی و ئاودێریی و پەرەپێدانیان.

٢. چاودێری چۆنێتی کارکردن لەسەر ئاوو چۆنێتی دابەشکردنی لەپارێزگا و ئیدارە سەربەخۆو قەزا و ناحیەو گوندەکاندا.

٣. بەدواداچونی کاروباری گوندەکان و گەشەپێدانیان و کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی جوتیاران و گوندنشینان.

٤. ئامادەکاریی و تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی پرۆژەی نوێ کە گەشەسەندنی گوندەکان لەخۆی دەگرێت بەهاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان.

٥. چاودێریی بەدواداچونی کاروباری سامانی ئاژەڵ و پەلەوەرو ماسی، پەرەپێدانی چاودێریی دروستی سامانی ئاژەڵ و کاروباری پزیشکی ڤێتێرنەری.

٦. هەوڵدان بۆدابینکردنی ئامێر و کەرەستە و پێداویستییە کشتوکاڵییەکان و چاودێریی کاری دابەشکردنی پێویستییە کشتوکاڵییەکان و پێویستیەکانی دروستی ئاژەڵ بەگوێرەی ڕێنمایی و ڕێکارە کارگێڕییەکان، لەکاتی پێویستی خۆیاندا.

٧. چاودێریی کاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و فەرمانگە و بنکەکانیان و بەتایبەتیش فڕۆکەخانە کشتوکاڵیەکان.

٨. سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبونەوەی کارەسات و ڕووداوە زیانبەخشەکان بەکشتوکاڵ و دارستان بە هۆی هۆکارو ئامێر و کەرەستە زەمینیی و هەواییەکان و قەرەبووکردنەوەی جوتیاران.

٩. چاودێریکردن و کارکردن بۆدابەشکردنی بەشە ئاوی ئاودێریی بەدانانی پلانی گونجاو و دروستکردنی کەناڵ و جۆگە و هەر هۆکارێکی تر کەڕێگە لە بەفیڕۆچونی ئاوی ئاودێریی دەگرێت.

١٠. هەوڵدان بۆ دروستکردنی کارگەی پیشەسازیی کشتوکاڵیی و لە قوتونانی پێویست بەپێی تایبەتمەندیی ناوچەکان.

١١. بەستنی کۆنگرەی کشتوکاڵی و چاودێری بڕیارەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کۆنگرەکانی بۆ بەستراوە و کردنەوەی خولی جۆراو جۆر بۆ جوتیاران.

١٢. چاودێری بەرنامەکانی دەستپێشخەریی کشتوکاڵی.

١٣. هاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییە گشتیەکان لەبانگهێشتکردنی ڕێکخراوە جوتیارییەکان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بەکشتوکاڵ.



١٤. هاندانی بەروبومی ناوخۆیی و دروستکردنی دەرفەت بۆ هەناردەکردنیان.

١٥. کارکردن بۆساغکردنەوەی بەرهەمی جوتیاران بەکردنەوەی بازاڕی ناوخۆیی و دەرەکیی و پاراستنی بەروبومەکان بەکردنەوەی ساردخانە، بەدواداچونی پێویست بۆ ڕێگرتن لەبەرهەمی هاوردە لەوەرزی بەرهەمدا بەهاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکاندا.

١٦. کارکردن بۆکردنەوەی سایلۆ لەناوچەکاندا بەگوێرەی پێویست.

١٧. ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی و زێ و کارێزو ئەستێلەکان، کارکردن بۆ دروستکردنی بەنداو لەشوێنە گونجاوەکانداو چاودێریکردنی ئاوی هەڵگیراوو کۆکراوە بەشێوەیەکی دروست.

١٨. کارکردن بۆ ڕێگەگرتن لە داگیرکردن و خراپ بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و لابردنی زیادەڕەویی لەسەریان، لێکۆڵینەوەی زانستیی پێویست لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان بکرێت و بەپێی تایبەتمەندییان پەرەیانپێبدرێت.

١٩. بەرگریکردن لەمافی جوتیاران بەپێی یاساو ڕێنماییەکان و هەوڵدان بۆ کاراترکردنی بانك و قەرزی کشتوکاڵیی.

٢٠. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

**شەشەم: لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاییباران وجینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر:**

١. هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەرو نەخۆشخانەی تایبەت بەکەس و کاریان و چارەسەرکردنیان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.
٢. هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوناوچانەی بەرشاڵاوەکانی ئەنفال کەوتون بەپلانێکی ستراتیژیی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی، بۆسەرلەنوێ بوژاندنەوەی ئەوناوچانە.
٣. بەدواداچون وچاودێریکردنی ژیان و گوزەران و ئاوڕلێدانەوەیان، کارئاسانیکردن بۆبەجێگەیاندنی داخوازییەکانیان لەدامو دەزگا پەیوەندیدارەکان.
٤. هاندان و پشتگیریی کەسی پلەیەکیان لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە.
٥. لەڕووی دامەزراندنەوە یەکەمینەیی بدرێ بەکەسی پلەیەکیان.
٦. نەهێشتنی نادادپەروەریی لەنێوان کەس و کاریاندا.
٧. هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆیان.
٨. هەوڵدان بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و ئەنفال و کیمیاییباران و جینۆساید.
٩. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.



**حەوتەم: لیژنەی سکاڵا و بەدواداچون و دەستپاکی:**

١. وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان و بەدواداچون و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، چ لەڕێگای خۆیەوە، یان لەڕێگەی لیژنەی تایبەتمەندەوە.
٢. سکاڵای هاووڵاتیان لەڕێگەی نوێنەرەکانەوە لەسنوری زۆنەکان یان لەو نوسینگانەی ئەنجومەن کەدەکرێنەوە دەگەیەنێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.
٣. دانانی ژمارەی تەلەفۆن و کردنەوەی بەشی سکاڵا لە وێبسایتی ئەنجومەن لەلایەن لیژنەی ناوبراوەوە بۆ وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان.
٤. چاودێریی و دیاریکردنی شێوازی لەناکاوی دەوڵەمەندبونی نائاسایی بەرپرسان و بازرگانەکان و کۆمپانیاکان و کەسانی تر.
٥. چەسپاندنی بنەماکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دامودەزگاکاندا.
٦. هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەستەکانی دەستپاکیی و چاودێریی دارایی و داواکاری گشتیدا.
٧. چاودێریکردنی بەکارهێنانی موڵك و ماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی و کارکردن بۆ سنوردارکردنی و گەڕاندنەوەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی.
٨. چاودێریکردن و ڕێگرتن لەبەهەدەردانی سامانی گشتیی بۆبەرژەوەندی تایبەتی.
٩. جێبەجێکردنی سیستمی دادپەروەریی لەفەرمانگە حکومیەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان.

١٠. چاودێریکردنی دەوامی فەرمانگەکان لەکاتی ئاسایی خۆیاندا، چەسپاندنی ئەوەی کە کارمەندان کاتی تەواوی خۆیان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان بەکاربهێنن.
١١. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## هەشتەم: لیژنەی وەرزش و لاوان:

١. بایەخدان بەبواری وەرزشیی کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت و کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و وەرزشیی تایبەت لەسنوری پارێزگادا.
٢. هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەرو خوێندنگای وەرزشیی و پیشەیی بۆ فێرکردن و ڕاهێنان و هاندان و پەرەپێدانی لاوان بەپێی تەمەن و ڕەگەزیی خۆیان.
٣. هەوڵدان بۆ دروستکردنی شاری وەرزشیی لە شارە گەورەکانداو کۆمەڵگای وەرزشیی لەسەرجەم قەزاو ناحیەکاندا و کردنەوەی گۆڕەپانی وەرزشی لەلادێکانداو کردنەوەی شوێنی یاریکردن بۆ منالان لە گەڕەکەکاندا، نوێکردنەوەی ئەوانەی پێویستیان بەنوێکردنەوە هەیە.
٤. هاندانی ئەو کەس و گروپانەی کەبەهرەمەندن و بۆ برەو پێدانی بەهرەکەیان پێویستیان بەهاوکاریی هەیە.
٥. هەوڵدان بۆ کارکردن بۆناردنی یەکەمینەکان لەبوارە جیاجیاکانی وەرزشدا بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی گەشەپێدانی تواناکانیان.



٦. بەدواداچون بۆگیروگرفتی یانەو بنکە وەرزشییەکان و تیپە میللییەکان و سەنتەرەکانی لاوان و شوێنە وەرزشییەکان و چاودێریکردنیان و هاوکاریکردنیان بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناکانیان.
٧. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## نۆیەم: لیژنەی کاروباری ئاینی:

١. گرنگیدان و چاودێری و بەدواداچونی کاروباری ئاینیی و مزگەوت و شوێنەکانی پەرستن و مامۆستایانی ئاینیی و بۆنە ئیسلامییەکان و هۆڵی پرسەکان.
٢. گرنگیدان بەخوێندنگا ئاینییەکان وچالاککردنیان.
٣. دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەو ڕێکخراوە مەدەنییە ئاینییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بەمەبەستی سوود وەرگرتن بۆپەیداکردنی پشتگیریی بۆ پرسە نەتەوەییەکان.
٤. پێشکەشکردنی پرۆژەی گونجاو بۆ هاوکاریی پێویست بەسەرجەم ئاین و ئاینزاکانی سنوری پارێزگا.
٥. دانانی پرۆژە و بەرنامە بۆ یەکخستنی گوتاری ئاینی و پێکەوە ژیانی نێوان سەرجەم ئاینەکان.
٦. بەستنی کۆڕو سیمینارو کۆبونەوە و وۆرك شۆپی تایبەت بەهۆشیاریی گشتیی بۆ دورکەوتنەوە لەبیری توندوتیژیی‌و خورافیات.
٧. دانانی بەرنامەی گونجاو لەگەڵ ناوەرۆکی ئاینەکان بۆ ڕێکخستنی مەراسیم و بۆنە ئاینیەکان.

٨. دیاریکردنی بودجەیەك ساڵانە لەبودجەی پارێزگا بۆ نوێکردنەوەی شوێنە ئاینیەکان.
٩. چاودێری وبەدواداچونی کاروباری فەرمانگەکانی ئەوقافی سنوری پارێزگا.
١٠. دروستکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگا ناوخۆییە ئاینییەکان و ڕێکخراوی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی بۆزیاتر خزمەت کردنی مامۆستایانی ئاینی.
١١. گرنگیدان بە گەشتوگوزاری شوێنە ئاینیەکان و مزگەوت و شوێنەکانی پەرستن و ئاسەوارە ئاینیەکان.
١٢. هەوڵدان بۆ کردنەوەی هۆڵی پرسەی ژنان لە شوێنە پێویستەکاندا.
١٣. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

**دەیەم: لیژنەی پیشەسازیی و وزە بازرگانیی وسەرچاوەسروشتیەکان :**

١. چاودێری و سەرپەرشتی سیاسەتی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان و سامانە سروشتیەکان لە پارێزگادا بە هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمدا.
٢. چاودێری زانیارییە ژمێریارییەکان لە هاوردەو هەناردەی نەوت و غاز و سامانە سروشتیەکانی تر بەهاوکاری لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمدا.
٣. پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای شیاو بۆ سنوردانان لە بەفیڕۆدانی سامانی نەوت و سامانە سروشتیەکانی ترو کایەبازرگانییەکان.



٤. بەدواداچوون و ئامادەکردن و دامەزراندنی دامەزراوە نەوتییەکان بۆ دابینکردنی بەرهەمە نەوتیەکان بۆ هاوولاتیان بەهاوکاری لایەنی پەیوەندیدار.
٥. بەدواداچوون بۆ ئامادەکردن و دامەزراندنی پرۆژەکانی پەیوەندیدار بە سامانە سروشتیەکان و پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەباو پیشەسازیی و بازرگانی.
٦. چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی کاری دەرهێنانی سامانی سروشتیو وزە دەکەن لە سنووری پارێزگادا.
٧. بەدواداچوون و چاودێریی کاری حکومەت و ئەو دامەزراوانەی لەکەرتی پیشەسازیی و بازرگانیی و نەوت و کارەبادا کاردەکەن.
٨. بەدواداچون و چاودێری ئەو بڕە پارانەی لە پترۆ دۆلاری نەوت و غاز دەستدەکەون.
٩. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی شاری پیشەسازیی و بازرگانیی هاوچەرخ، لەسەر بنەمائەندازەیی و هونەریی و ژینگەییەکان.
١٠. کارکردن بۆدانانی نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە لیژنەی باڵای نەوت و گاز لەئەنجومەنی وەزیران وەك پارێزگایەك کەنەوتی لێدەردەهێنرێت.
١١. کارکردن بۆدروستکردنی کارگە لەبواری پیشەسازییە گۆڕاوەکان بەتایبەتی لەبواری پترۆکیمیاییەکان، وەك کارگەی نایلۆن و بۆیاخ و پەینی کیمیایی و (pvc ) لەوناوچانەی نەوتی تێدایە لەسنوری پارێزگادا.
١٢. کارکردن بۆدروستکردنی کارگەی قیر لەسەرجەم قەزاکانی سنوری پارێزگادا.

١٣. بەمەبەستی فراوانکردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان لەپارێزگادا هەوڵ بدرێت بودجەی پڕۆژە پیشەسازیەکان بەڕێژەی (١٠ ٪ ) زیاد بکرێت.

١٤. پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەڕاهێنان و فێرکردنی کادیرو کارمەندانی ناوخۆیی لە هەموو کەرتەکانی پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و سامانە سروشتییەکاندا.

١٥. کارکردن بۆ فراوانکردن و باشتر ڕێکخستنی کاری پیشەوەران و ناوچە پیشەسازییەکان بەپێی پێوەرە جیهانییەکان.

١٦. هاندانی کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزاریی خۆماڵیی لە هەموو ئەم بوارانەدا، بەپێی تایبەتمەندیی شوێنە جیاجیاکانی پارێزگا.

١٧. ئەولەویەتی کارکردن و دامەزراندن بەپێی پسپۆڕیی بدرێت بە خەڵکی ئەو ناوچانەی ئەو پڕۆژانەیان لێیە، بەشێك لەداهاتی ئەو پڕۆژانەیش بۆ خزمەتگوزاریی ئەو ناوچانەو پرۆسەی پەرەپێدانی پارێزگا تەرخانبکرێت.

١٨. چاودێریکردنی پرۆسەی مۆڵەتپێدان و تەرخانکردنی زەوی و جێبەجێکردنی پڕۆژە پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و دامەزراوە نەوتییەکان.

١٩. کارکردن لەسەر بنەمای کوالێتیی کۆنترۆڵ و ژینگەپارێزیی لە تەواوی کەرتە جیاجیاکانداو چاودێریکردنیان.

٢٠. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.



**یانزدەیەم: لیژنەی خزمەتگوزاریی شارەوانیی و هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندن:**

١. بەدواداچونی کاروباری مەیدانی خزمەتگوزاریی شارەوانیی و ئاوو ئاوەڕۆ و گواستنەوە و گەیاندن و کارەبا و خزمەتگوزارییە بنچینەیەکانی پارێزگا.

٢. هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی زیادەڕەویی و ڕێکخستنی یاساییانەی موڵکدارێتیی.

٣. ڕاوێژکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بۆ دیاریکردنی سنوری یەکە کارگێڕییەکان و سنوری گوندەکان.

٤. چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی تایبەت بەتەلەفۆن و ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان و گواستنەوە.

٥. کارکردن بۆپەرەپێدان وبوژاندنەوەی گواستنەوەی گشتی کە لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانیەکاندا بگونجێت.

٦. هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی خزمەتگوزاریی خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان لە هەموو پڕۆژەکانی ئەم کەرتانەدا.

٧. چاودێریکردنی فڕۆکەخانەو هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی زیاتری فڕۆکەخانەکان و فڕۆکەوانیی مەدەنیی لە پارێزگادا.

٨. هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەم کەرتانەدا بۆ جێگیرکردنی پارك و شوێنی سەوزایی و ڕێگاوبانی شیاوی هاتوچۆکردن لەسنوری پارێزگادا.

٩. دانانی پلانی درێژخایەن بەمەبەستی سود وەرگرتن لەهۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی وەك فڕۆکەو شەمەندەفەر و ترام لە ناو شارەکانو لە نێوانیانداو بەژاندنەوەی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتیی و چاودێریکردنیان.

١٠. هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی یاساییانەی كێشەی زەوی و زارو تاپۆكردن و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی شوێنە ڕێكنەخراوەكاندا لە سنوری پارێزگادا.

١١. هەوڵدان بۆ ڕێكخستنی تەلارسازییانەی شارو سەنتەری شارەكان و خانوبەرەو تەلارەكان و باڵەخانە بازرگانیی و گەشتوگوزارییەكان.

١٢. كاركردن لەگەڵ ئەم كەرتانەدا بۆ دانانی پلانی شیاو بۆ پاكوخاوێنڕاگرتنی یەكە كارگێڕییەكان و ڕێكخستنەوەی سیستمی كۆكردنەوەی خۆڵ و خاشاك، خزمەتگوزارییەكانی تر لە سنوری پارێزگادا.

١٣. هەوڵدان بۆ كردنەوەی كارگەی ڕیسایكلین لە شوێنە پێویستەكاندا.

١٤. هەوڵدان بۆ دیاریكردنی زەوی شیاو بۆ خۆڵ و خاشاك، كە زیان بە دانیشتوان و ژینگە نەگەیەنێت.

١٥. پابەنكردنی لایەنە پەیوەندیدارەكان بە دیاریكردنی ڕووبەری سەوزایی پێویست لە نەخشەی نیشتەجێبوون و پرۆژەكاندا.

١٦. هەوڵدان بۆ ئەوەی شارەوانیی پابەندبكرێت بەدابینكردنی شوێن و دیزاینی یەكەكانی نیشتەجێبوونی شیاو و پێویست بۆ هاووڵاتیان.

١٧. هەوڵدان بۆ دروستكردنی هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان ئەم كەرتانەو كەرتی تایبەتداو چاودێریكردنی وردی ئەم پرۆسانە لەلایەن ئەنجومەن و لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە.

١٨. هەوڵدان بۆ كردنەوەی تێرمینالی شیاو بۆ هێڵی گشتیی لە نێوان شارەكان و ناو شارەكانیشدا.

١٩. هەوڵدان بۆ دانانی ناونیشانی ژمێرەیی بۆ ماڵ و گەڕەك و كۆڵان و شەقام و كاراكردنی سیستمی پۆست.



٢٠. هەوڵدان بۆ ڕێكخستنی ڕیكلام و تابلۆو تابلۆكانی هاتوچۆ لە یەكە ئیدارییەكاندا.

٢١. پابەنكردنی ئەم كەرتانە بە هۆشیاركردنەوەو ئاگاداركردنەوەی هاووڵاتیان لە چۆنێتیی بەكارهێنان و پاراستنی خزمەتگوزارییەكان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەكان و هۆكارەكانی ترەوە.

٢٢. هەوڵدان بۆ جیاكردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆو تۆڕی باراناو لەیەكتر. هەوڵدان بۆ دروستكردنی تۆڕی ئاوی قورس و سەرلەنوێ بەكارهێنانەوەی.

٢٣. كاركردن بۆ جێبەجێكردنی خزمەتگوزارییەكان و ڕێگاوبان پێش دابەشكردنی زەوی بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكاندا.

٢٤. كاركردن بۆ دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ هاوردەكردنی ئۆتۆمبیل بۆ شارەكان بەپێی پەیڕەوێكی گونجاو.

٢٥. چاودێریكردنی دابەشكردنی زەوی و یەكەكانی نیشتەجێبوون لە تەواوی یەكە ئیدارییەكانی پارێزگادا.

٢٦. هەوڵدان بۆ گەیاندنی ڕێگای شیاو بە شوێنە جیاجیاكان و بەستنەوەیان بەیەكەوەو دووسایدكردنی ڕێگای نێوان قەزاكان.

٢٧. هەوڵدان بۆ جیاكردنەوەی ڕێگای گشتیی لە ڕێگای بارهەڵگرەكان و دامەزراندنی هێڵی ڕێگاوبان و شەمەندەفەری ستراتیژیی.

٢٨. هەوڵدان بۆ دانانی بنەمای شیاو بۆ ڕێكخستنی هێڵەكانی گواستنەوەو نرخەكانیان لە ئاستی خزمەتگوزارییەكانیان.

٢٩. چاودێریكردنی دابەشكردن و بەكارهێنانی زەوی گشتیی بۆ كەرتی بازرگانیی و كۆمپانیاكان لەسەر بنەمایەكی یاساییانەی دادپەروەرانە. بەدواداچوونی ئەو زەوییانەی دابەشكراون كە بۆ مەبەستی دیاریكراوی خۆیان و لەماوەی دیاریكراوی خۆیاندا

بەکاربهێنرێن، بەپێچەوانەوە لێیان وەربگیرێتەوە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

٣٠.هەوڵدان بۆ دروستکردنی عەلوەو قەسابخانەی مۆدێرن و ناوچەی پیشەسازیی و پیشانگاکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان و مەخزەن و کێڵگەکانی مەڕو ماڵات و مەیدانی ئاژەڵان، بەشێوەیەکی ئەندازەیی شیاو.

٣١.چاودێریکردنی وردی دانانی تاوەرەکانی گەیاندن و گواستنەوەو پەخشکردن لەسەر بنەما تەندروستیی و زانستییە ڕێپێدراوە جیهانییەکان.

٣٢.هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕو شوێنە گشتییەکان و پەرەپێدان و نوێکردنەوەی سەنتەری شارەکان.

٣٣.هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی شیاوانەی تاکسیی و هێڵە گشتییەکانی گواستنەوە لە هەموو ڕوویەکەوە.

٣٤.پابەنکردنی کارگەو کۆمپانیاکان بە پاکردنەوەی پاشەڕو پاشماوەی پرۆژەو کارگەکانیان بەپێی ڕێنماییە ژینگەییەکان.

٣٥.بەدواداچوونی کێشەو هۆکارەکانی پیسکردنی ئاوو ژینگە لە سنوری پارێزگادا.

٣٦. هەوڵدان بۆ پاراستن و ڕێکخستنی گۆڕستانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆیان.

٣٧. هەوڵدان بۆ چاپکردنی ڕێبەری شارەکانی سنوری پارێزگا، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

٣٨. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.



**دوانزدەیەم: لیژنەی پارێزگاریی ( ئاسایش، پۆلیس، بەرگریی شارستانی):**

١. گفتوگۆکردن لەپلانی ئاسایشی سنورەکە کە لەلایەن لیژنەی ئاسایشی باڵاوە پێشکەشدەکرێت، بەمەبەستی پەسەندکردنی.

٢. چاودێریی پلانی ئاسایشی پارێزگا لەسەرجەم یەکە ئیدارییەکانی سنوری پارێزگادا، لەدوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە.

٣. چاودێرکردنی بارودۆخی ئاسایش لەپارێزگادا بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگا تایبەتمەندەکان و بەڕاپۆرت بخرێتە بەردەم ئەنجومەن.

٤. چاودێریکردنی هەرشتێك پەیوەندی بەکاروباری تایبەت بەپاراستنی ئاسایش و پەیڕەو لەناوئەنجومەندا هەیە.

٥. چاودێریی هەڵسەنگاندنی کاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرگریی شارستانیی لەئەفسەر و کارمەندانیان لەپارێزگادا.

٦. پەسەندکردنی پێشنیاز بۆکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس و بازگەکان. بازگەکان بەشێوەیەکی نوێ بنیاتبنرێنەوەو سیمای جوانیی هەرێم پێشکەش بە هاووڵاتیان و گەشتیاران و میوانان بکەن.

٧. چارەسەرکردن و بەدواداچون و گوێگرتن لەسەرنج وگرفت و داواکاری کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش و بەرگریی شارستانی.

٨. هاندانی زیاتری ژنان بۆ بەشداریکردنیان و کارکردنیان لەم کەرتانەدا.

٩. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش لە شارەکاندا.

١٠. قەدەغەکردنی هەموو ڕێکخستنێکی حیزبیی لەناو ئەم کەرتانەدا لە کاتی دەوامیی فەرمیداو ڕێگرتن لەوەی فەرمانگەکانیان بۆ کاروباری حیزبیی بەکاربهێنرێت.

١١. کارکردنی هەریەك لە پلەدارو کارمەندانی ئەم کەرتانە بەپێی پسپۆڕیی خۆیان و تێکەڵنەکردنی ئەرکەکانیان.

١٢. چاودێریکردنی گرتوخانەکان.

١٣. هەوڵدان بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی زیاتری پلەدارو کارمەندانی ئەم کەرتانە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

١٤. هەوڵدان بۆ دابینکردنی کەلوپەلی مۆدێرن بۆ خێراترکردن و باشترکردنی کارو چالاکییەکانیان.

١٥. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## سیانزدەیەم: لیژنەی هونەریی (پلان و پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان و گەشتوگوزار):

١. تاوتوێکردنی پلانی ساڵانەی پرۆژەکانی گەشەپێدانی هەرێمەکان و پرۆژە ناوخۆییە پێشکەشکراوەکان لەلایەن پارێزگاوەو گفتوگۆو پەسەندکردنیان لەلایەن ئەنجومەنەوە.

٢. هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی پارێزگادا بەمەبەستی دانانی یەکەمینەیی پێدان لەپرۆژە وەبەرهێنەکانی وەزارەتەکاندا.

٣. ئامادەکاریی وچاودێریی نوێکردنەوەی پلانی گەشەپێدانی پارێزگا بەپشتبەستن بەپلانی ستراتیژی تایبەت بەڕاوێژ لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکان.



٤. چاودێریی بەسەرپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشتوگوزار لەسنوری پارێزگادا.

٥. دانانی پلانی زانستی و گونجاو بۆ پرۆژەکان و چاودێری ماستەر پلانی سنوری پارێزگا.

٦. گرنگیدان بەخزمەتگوزاریی شارداریی و ئاوی خواردنەوە و کارەبا و ڕێگەوبان و هۆیەکانی گواستنەوە.

٧. گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەدێهاتەکان بۆئەوەی فشاری دانیشتوان لەسەرناوەندی شارەکان کەم بێتەوە.

٨. گرنگیدان بەنەخشەسازیی بیناسازی و کاروباری بنیاتنانی شاری مۆدێرن، دابەشکردنی پرۆژەکان لەسەربنەمای ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندیی و پێداویستی ناوچەکان.

٩. گرنگیدان بەبواری نیشتەجێبون و کرێنیشینان.

١٠. چارەسەرکردنی کێشەی خانووە بێتاپۆکان و ئەوگەڕەکانەی بەشێوەی هەڕەمەکی دروستکراون، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکدارێتیی و زیادەڕەوی.

١١. گرنگیدان بەمتمانە دروستکردن لەسنوری پارێزگادا بۆ وەبەرهێنان لەڕێگەی بەجێهێنانە یاساییەکان لەهاوکاریی و هاوئاهەنگی لەنێوان دەستەیەك لەپارێزگا و فەرمانگەو وەزارەتە تایبەتمەندەکان.

١٢. سەرپەرشتی واژۆی وەبەرهێنان و چاودێریی کاری کۆمپانیا وەبەرهێنەکان و بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆدەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

١٣. هاندانی کەرتی گەشتوگوزاری تەندروستیی.

١٤. پەرەپێدان بە شوێنە گەشتیارییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان.

١٥. هەوڵدان بۆ پاراستنی شوێنە گەشتوگوزاریی و ئاسەوارییەکان.

١٦. هەوڵدان بۆ ئەوەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان قۆرخنەکرێن و پابەندبکرێن بۆ گەشتوگوزاریی و خزمەتی گشتیی.

١٧. هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورو ڕێنماییە گەشتیارییەکان بە هاووڵاتیان و کردنەوەی سەنتەرو پەیمانگای تایبەت بەم بوارە.

١٨. کارکردن بۆ تەرخانکردنی شوێنی پارکینی پێویست و شوێن و ڕێگای تایبەت بە خاوە ن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەموو کەرتەکاندا.

١٩. هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی بەدواداچونی پڕۆژەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ کاری پڕۆژەکانی سنوری پارێزگا.

٢٠. پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی سیستمی سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکان لەسەر بنەمای کارکردن بە لیژنەو پسپۆڕیی.

٢١. هەوڵدان بۆ دانانی نوێنەری ئەنجومەن لە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێناندا.

٢٢. کارکردن بۆ ئەوەی بودجەی تەرخانکراوی هەر پڕۆژەیەك دوای ئیحالەکردن لە بانکێکدا تەرخانبکرێت و کارپێبکرێت.

٢٣. بەستنی کۆڕو سیمینارو کۆبونەوە بۆهاندانی وەبەرهێنەران و هاوئاهەنگی دەستەی ناوبراو لەگەڵ ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

٢٤. بەشداریکردن لەنەخشەی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئاسانکاریی تەرخانکردنی زەوی لەڕێگەی ئەو وەزارەتانەی تایبەتمەندن بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێناندا.



٢٥. چاودێریی کاروباری وەبەرهێنانی نیشتمانیی و ناوخۆیی و بیانی و پێشنیازی ڕێنمایی لۆکاڵی کەهانی پڕۆژەی وەبەرهێنان بدات لەپارێزگادا بەهاوئاهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و لۆکاڵیی.

٢٦. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## چواردەیەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی:

١. گرنگیدان بەمافەکانی ژنان و بەرگریکردن لێیان بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

٢. بایەخدان بە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان و دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێیان و ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانیان لە هەموو پڕۆژەکانداو چاودێریکردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن پێیان و هەوڵدان بۆ کردنەوەی نەخۆشخانە و خوێندنگە وسەنتەری تایبەت بۆیان.

٣. چاودێریی جێبەجێبونی ئەویاسایانەی خێزان دەپارێزن لەدەستدرێژی و توندوتیژیی خێزانی.

٤. گرنگیدان بەپێشخستنی ئەویاسایانەی تایبەتن بەچاودێریی دایکایەتی منالْ و مۆڵەتی دایکایەتیی و کارکردن بۆ چەسپاندنی مۆڵەتی باوکایەتیی لە یاسادا.

٥. کارئاسانی کردن بۆلاوان لەهەردوو ڕەگەز بەمەبەستی پێشکەشکردنی هۆشیاریی خێزانیی و دروستکردنی خێزان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی پێویست بەمەبەستی ڕێگرتن لەهەڵوەشاندنەوەی خێزان.

٦. هەماهەنگیی لەگەڵ کەناڵە ڕاگەیاندنەکاندا بۆ ئەوەی گرنگیی زۆرتر بەڕۆڵی ژنان لەلایەنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریان بدەن و پشتگیرییان بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردەواری.

٧. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا لەڕێگەی بەستنی سیمینارو کۆبونەوەو وۆرك شۆپی تایبەت بەمافەکانی خێزان.

٨. چاودێریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیی، هەوڵدان بە چەسپاندنی کارەکانیان وەك خزمەتی گشتیی و خانەنشینکردنیان لەکاتی تەواوکردنی خزمەتی یاسایی، یان پەککەوتن و نەخۆشیی سەختدا.

٩. چاودێریکردنی زیندانییەکان و سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەیان بۆ هاتنەوە ناو کۆمەڵگا، کردنەوەی خول و دەرفەتی کاری شیاو لەناو زیندانەکاندا.

١٠. چاودێریکردنی ئەو خێزانانەی بەبڕیاری دادگا بەخێوکەرەکانیان حوکمدراون.

١١. هاندانی خێزانە ئیشکەرو دەسترەنگینەکان.

١٢. هەوڵدان بۆ کردنەوەی خانەی بەساڵاچووان و مناڵانی بێسەرپەرشت.

١٣. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردن و هاندانیان بۆ کارکردن و بەرگرتن لە کارکردن بە مناڵان.

١٤. هەوڵدان بۆ کردنەوەی دایەنگای شیاوو پێشکەوتوو لە شوێنە جیاجیاکاندا، کە لەگەڵ باری دارایی خێزانەکاندا بگونجێت.

١٥. هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەو ناوەندو ڕێکخراوانەی کار بۆ خێزان و ژنان و مناڵان دەکەن.

١٦. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.



**پانزدەیەم: لیژنەی ڕۆشنبیریی و هونەر و ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار:**

١. چاودێریی و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی بڵاوکراوە فەرمییەکانی ئەنجومەن دەریاندەکات.

٢. هاوئاهەنگی لەگەڵ کەناڵە ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرە مۆڵەت پێدراوەکان‌و داواکردنیان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی کاروچالاکییەکانی ئەنجومەن.

٣. هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ئەو بیناو شوێنە هونەریی و کەلتوریی و ئەدەبیانەی کە داگیرکراون و تەرخانکردنەوەیان بۆ بوارەکانی خۆیان.

٤. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە ئەرشیڤی نەتەوەیی.

٥. بایەخدان بەکاری دەستیی و تەلارسازیی کوردیی لە بواری بیناسازیی و ڕستن و چنین و بوارەکانی تردا.

٦. بایەخدان بەبواری چاپ و چاپەمەنیی و هەوڵدان بۆ ئەوەی سلێمانی بکرێتە شاری چاپەمەنییەکان لە ئاستی عێراق و هەرێمدا.

٧. بایەخدان بە کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان و پێشانگای کتێب و کتێبخانە گەڕۆکەکان.

٨. هەوڵدان بۆ کردنەوەی گەلەریی و هۆڵی مۆدێرنی تایبەت بەبوارە هونەریی و ڕۆشنبیرییە جیاجیاکان.

٩. بایەخدان بە ڕوکاری تەلارسازیی شار بەهەماهەنگیی لەگەڵ شارەوانیدا.

١٠. هەوڵدان بۆ کردنەوەی فیستێڤاڵی ساڵانەی هونەریی لە سنوری پارێزگادا.

١١. چاودێریکردنی سینەماو یانەو پڕۆژە هونەریی و ڕۆشنبیرییەکان.

١٢. هەوڵدان بۆ تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بە پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە پایتەختی ڕۆشنبیریدا.

١٣. بڕیاردان لە ناونانی شوێنەگشتییەکان لەلایەن ئەنجومەنەوە.

١٤. ڕێگرتن لە هاندانی توندوتیژیی و پابەندبوون بە پاراستنی دابونەریتی ڕەسەنی کوردیی لە کارە هونەرییەکاندا.

١٥. بایەخدان بە کایە ئەدەبیی و فەرهەنگییەکان، هاندانی کەسانی بەهرەمەندی ئەو بوارانە.

١٦. بایەخدان بە زمان و ئەدەب و کەلتوری ڕەسەنی کوردیی لە هەموو چاپ و بڵاوکردنەوەو ڕیکلام و تابلۆکاندا.

١٧. چاودێریی کاری بەشەکانی ڕاگەیاندن لەدامەزراوە و سەرجەم فەرمانگەکانی سنووری پارێزگادا.

١٨. گرنگیدان بەڕۆشنبیرکردنی زیاتری گروپ و تاکەکان و فەراهەمکردنی پێداویستیە جۆربەجۆرەکانیان.

١٩. چاودێریی و بەدواداچون بۆ کێشەی هونەری بۆ باشترکردنی تەواوی چالاکییە هونەرییەکان و پێشنیازکردن بۆگرنگیدانی زیاتر بەتەواوی بوارە هونەرییەکان لەسەرجەم بوارەکاندا و فەراهەمکردنی پێداویستیەکانیان بەگوێرەی پێویستیی سەردەم.

٢٠. بایەخدان بەتواناو بەهرەی هونەری و ڕۆشنبیریی گەنجان و دامەزراندنی دەزگای پێویست بۆئەم مەبەستە.

٢١. هەوڵدان بۆ کردنەوەی هۆڵ و سەنتەری هونەریی لەسەرجەم قەزاو ناحیە وگوندە گەورەکاندا، هاندانی گروپ و ڕێکخراوە هونەرییەکان.

٢٢. بایەخدان بە ئینستیتیوت و ناوەندەکانی کەلەپورو ئەتنۆگرافیاو هونەرو ڕۆژنامەگەریی و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردیی.



٢٣. بایەخدان بەهونەری شێوەکاریی و میوزیك و شانۆ بەتایبەتیش هونەری ڕەسەنی کوردیی لەسەرجەم قوتابخانەو خوێندنگاکاندا.

٢٤. کارکردن بۆدروستکردنی تەلارێك بەناوی تەلاری شانۆو مۆسیقاو ئۆپێراو بوارە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان لە پارێزگای سلێمانیدا، بەسەرجەم پێداویستیەکانەوە.

٢٥. هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەندین ستۆدیۆی گەورەی هاوچەرخ.

٢٦. پاراستن و بوژاندنەوە و بایەخدانی زیاتر بەکەلتورو ئاسەوارو شوێنەوارە دێرینەکان و ئاوەدانکردنەوەیان.

٢٧. گرنگیدان بەو مۆزەخانانەی کە هەن، کارکردن بۆکردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت لەشاروشارۆچکەکاندا.

٢٨. هاندان و پێشنیازکردن بۆ پاداشتکردنی ئەوکەسانەی کە ئاسەوارو کەلتوری نەتەوەیی دەگێڕنەوە بۆ حکومەت.

٢٩. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## شانزدەیەم: لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری ئەندامان و ڕێکخراوەمەدەنییەکان:

١. بەدواداچونی کاروباری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لەدامو دەزگاو دامەزراوە حکومیەکاندا.

٢. کارکردن بۆپەرەپێدانی تواناکانی ئەندامان بەسوود وەرگرتن لەڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەپێی پسپۆڕیی و ئەزمونی ئەندامان و تایبەتمەندیی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

٣. گرنگیدان بەدروستکردنی پەیوەندیی توندوتۆڵ وهاوسەنگ لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەربنەمای پاراستنی هاوسەنگی و ڕێزگرتنی بەرامبەر.
٤. گرنگیدان بەڕاگرتنی پەیوەندیی ئەنجومەن لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم و وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومیەکانی هەرێم و لایەنە سیاسیەکاندا.
٥. گرنگیدان بەپەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی کەئێستا لەعێراق و کوردستاندا کاردەکەن.
٦. فەراهەمکردنی دەرفەتی کارکردن بۆڕێکخراوە مەدەنیەکان و پێشنیازکردن بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی بۆیان لەکاتی پێویستدا.
٧. چاودێریی کاروباری پەیوەست بەپەیوەندیەکانی ناوەوەو دەرەوە لەسنوری پارێزگادا.
٨. بڕیاردان لەمیکانیزمێکی شیاو دەربارەی ئامادەبوونی چاودێران (هاووڵاتیان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان) بۆ دانیشتنە ئاشکراکانی ئەنجومەن بەپێی ڕێوشوێنێکی گونجاو.
٩. هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ لیژنەکانی ئەنجومەن و دانیشتنەکانی پارێزگاکانی تری هەرێم لەبەستنی کۆنگرەو سیمینارو وۆرك شۆپ و کۆبونەوەی جەماوەری کراوە بەگوێرەی میکانیزمی جیاکراوە کە لیژنەکە ڕێکیدەخات.
١٠. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.



**حەڤدەیەم: لیژنەی مافی مرۆڤ** و کۆچ و کۆچبەران:

١. کارکردن لەسەرپاراستنی مافی مرۆڤ و بەرگریی لێکردنی و هەوڵدان لەپێناو ئاگاداربوون لەبەندەکانی جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ و یاساو بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
٢. کارکردن لەسەر بەدواداچونی گیراوو دەستبەسەرەکان و ڕاگوێزراوەکان وبەتەنگەوە چونی مافە تایبەتیەکانیان هەروەها هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداردا.
٣. سازدانی سیمینارو کۆبونەوەی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ.
٤. پەیوەندیدروستکردن لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان بەمەبەستی پەرەپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.
٥. چاودێریکردنی بەندینخانەکان لە ڕووی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤەوە.
٦. گرنگیدان بەکرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا وەبەرهێنەکان.
٧. هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەمپی تایبەت بەئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان بەجۆرێك کاریگەریی لەسەر سروشتی دیموگرافیی ناوچەکان نەبێت و نەبێتە هۆی خراپبونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.
٨. کارکردن بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە دەرەوەی هەرێمەوە دەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، هەوڵدان بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەرکارەکانی پێشوویان یان دامەزراندنیان دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان.

٩. چاودێریکردنی ئەو کۆمەك و هاوکارییانەی پێشکەش بە ئاوارەو پەناهەندەو ڕاگوێزراوەکان دەکرێن.

١٠. هاندانی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان بەبەرزکردنەوەی هۆشیاریی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ.

١١. بەدواداچوونی هەر پێشێلکارییەك کە دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ دەکرێن لە سنوری پارێزگادا.

١٢. هەوڵدان بۆ دابینکردنی گەنجینەو شوێنی پێویست بە پێداویستیی مرۆیی بۆ کاتی کارەساتە سروشتیی و مرۆییەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

١٣. هەر خاڵێکی تر کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەم لیژنەیەوە هەبێت.

## ب-تایبەتمەندیی لیژنە کاتییەکان:

هەر لیژنەیەکی دیکە کە ئەنجومەن بەپێویستی بزانێت و تایبەت بێت بەبواری کێشە لەناکاوەکان و ڕووداوەکتوپڕەکان وەك کارەساتە سروشتیەکان و دەستکردەکان ئەمەش لەڕێگەی دروستکردنی لیژنەی کاتییەوە.

## ماددەی (٣٣):

لیژنەکان: لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن دوابەدوای پەسەندکردنی ئەم پەیڕەوە پێکدەهێنێرێن، لەپێکهێنانیاندا ڕەچاوی ویست و تایبەتمەندیی و پسپۆڕی ئەندامان دەکرێت ئەمەش دوای بیر و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنە جیاجیاکانی ئەنجومەندا.



## ماددەی (٣٤):

هەرلیژنەیەکی هەمیشەیی ئەنجومەن لەژمارەیەك ئەندام پێك دێت کە ژمارەیان لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت، پێویستە ئەنجومەن دەنگی لەسەربدات و بەزۆرینەی دەنگ لیژنەکان پەسەند دەکرێن.

## ماددەی (٣٥):

یەکەم: هەموو ئەندامێك بۆی هەیە خۆی بۆ ئەندامێتی (٤) لیژنەی هەمیشەیی، بپاڵێوێت.

دووەم: سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی بۆی هەیە تەنها لەیەك لیژنەی هەمیشەیی تردا ببێتە ئەندام.

سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتی ناوی پاڵێوراوان دەخەنەڕوو کەخۆیان پاڵاوتوە بۆلیژنەکان و ئەنجومەن دەنگیان لەسەر دەدات و هەرپاڵێوراوێك دەنگی زۆرینەی بەدەستهێنا بەبراوە دادەنرێت.

چوارەم: هەموو لیژنەیەك لەدوای (٣) ڕۆژ لەپێکهێنانیەوە لەنێوان ئەندامەکانیدا سەرۆك و جێگری سەرۆك و بڕیاردەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت.

پێنجەم: لیژنەکان لەسەر بڕیاری سەرۆکەکانیان کۆدەبنەوە و لەڕێگەی بڕیاردەری لیژنەوە ئەندامەکانی بانگهێشتی کۆبونەوەی لیژنەکە دەکرێت.

شەشەم: ڕێژەی یاسایی ئامادەبووانی لیژنەکان بۆکۆبونەوە بەئامادەبونی زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی دەبێت بەمەرجێك سەرۆك و بڕیاردەری تێدا بێت و بڕیارەکان بەزۆرینەدەبن.

## ماددەی (٣٦):

یەکەم: لیژنە بۆی هەیە بانگهێشتی هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بکات بۆ دەربڕینی ڕای لەو بابەتانەی خراوەتە بەردەمی و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت و، بۆی هەیە بانگهێشتی هەر فەرمانبەرێکی حکومی یان شارەزا یان تایبەتمەند لە غەیری ئەندامانی ئەنجومەن بکات بە ئاگاداریی بەرپرسەکەی بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونیان.

دووەم: هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەکانی هەر لیژنەیەك ئامادەبێت بە ڕەزامەندی سەرۆکی لیژنەو بۆی هەیە ڕای خۆی لەسەر بابەتەکان بدات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

سێیەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەن بابەتەکان بە هەموو بەڵگەنامەکانیەوە ڕەوانەی لیژنەی تایبەتمەند دەکات بۆ لێتوێژینەوەیان و گفتوگۆ لەسەرکردنیان و ئامادەکردنی ڕاسپاردەی پێویست لەبارەیانەوە.

## ماددەی (٣٧):

یەکەم: لیژنەکان ڕاسپاردە و ڕاپۆرتەکانیان بەزۆرینەی سادە وەردەگرن.

دووەم: هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی مافی پێشنیازکردنی ڕێنمایی یاسای تایبەت بەپسپۆڕیەتیەکەی هەیە بە گوێرەی ئەوڕێکاریانەی لەم پەیڕەوەدا دیاریکراون.

سێیەم: لیژنەکان ڕاسپاردە وەرگیراوەکان بۆجێگری سەرۆکی ئەنجومەن بەرزدەکەنەوە ئەویش لە ڕێگەی خۆیەوە لەکاتی دانیشتنەکاندا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزدەکاتەوە.

چوارەم: دەکرێ لەنێوان دوو لیژنە یان زیاتر کۆبوونەوە ڕێکبخرێ، هەروەها لەنێوان لیژنە هەمیشەیی و ناهەمیشەییەکان بۆ وەرگرتنی سەرنجی یەکتری لەو بابەتانەی پێویست دەکات لەو کاتەدا بەتەمەنترین سەرۆکی ئەو دوو



لیژنەیە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە دەکات بە هەمان شێوە سەبارەت بە جێگر و بڕیاردەر.

پێنجەم: لیژنەکان لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتیەوە داوا لە لایەنی فەرمی و نافەرمی دەکەن بۆ وەرگرتنی داتاو زانیاری و هەر بەڵگەیەك پێویست بێت.

شەشەم: سەرجەم لیژنەکان پێویستە چاودێریی و بەدواداچوونی پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان خۆیان و لیژنەکانی ترداو هەروەها لایەنە فەرمی و نافەرمیەکاندا لە پارێزگادا بکەن لەلایەنی پیادەکرنی دەسەڵاتە قانونیەکان و پسپۆڕێتیانەوە.

حەوتەم: سەرجەم لیژنە هەمیشەییەکان بە پلان وبەرنامەی کارو ڕۆژژمێرێکی ساڵانەی تایبەت بە خۆیان پابەند دەبن کە ئەو کارو بارانەی لە ماوەی سێ مانگدا دەیکەن بە پشتبەستن بە شارەزایی لەم پەیڕەوەدا هاتووە کار لەسەر نوێکردنەوەی دەکەن.

هەشتەم: لیژنە هەمیشەیەکان کۆنوسی دانیشتنەکان و ڕاپۆرتەکانیان مانگانە بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەن پێشکەش دەکەن بە شێوەیەك لە کۆبونەوەیەك کەمتر نەبێت لە مانگێك.

نۆیەم: لیژنەکان مافیان هەیە لە ڕێگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەوە داوا لە فەرمانگە فەرمی و ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو پێشکەشیان بکات.

دەیەم: ئەگەر ئەو لایەنانەی کە لەسەرەوە باسکران ئامادەنەبوون بە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنەکان ئەو کاتە لەڕێگەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە پارێزگاری لێئاگاداردەکرێتەوە و ئەنجومەن هەڵوێستەی جدیی لە سەردەکات و بە پێشێلکاریی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٣٨):**

یەکەم: سەرۆك هەموو سکالاَو پرۆژەو پێشنیازو داوایەك بەسەرجەم دۆکۆمێنت و پاشکۆ کانیەوە ڕەوانەی لیژنەکان دەکات بۆ توێژینەوە و پێویستە لیژنەکان هەموو ئەو بابەتانەی کە دەبرێنە لایان بەپێی ڕۆژی گەیشتنیان ڕیزبەندییان بۆ بکەن و وەڵامەکانیان بە ڕاپۆرت پێشکەشی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن دەکەن بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەن دواتر بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ بڕیاردان.

دووەم: لیژنە کۆنوسی دانیشتنەکان ڕێکدەخات کات و شوێن و ناوی ئەندامە ئامادەبوو و ئامادەنەبووەکان و ئەو گفتوگۆیانەی تیایدا ئەنجامدەدرێن جێگیردەکات و بڕیارەکانی بە زۆرینە دەردەکات و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە.

سێیەم: لیژنەکان خۆیان کات و شوێنی کۆبونەوە دیاریدەکەن و کاروباری خۆیان بە پێی تایبەتمەندی ئیشەکانیان ڕێکدەخەن.

چوارەم: ئەگەر لیژنە بەبێ پاساوی گونجاو نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات، بەپێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەن و بەدەنگی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن هەڵدەوەشێتەوە.

پێنجەم: ئەگەر دەرکەوت هۆی دواکەوتنی بەرێوەچوونی کارەکانی لیژنەیەك کەمتەرخەمی نواندنی سەرۆك یان جێگر یان بڕیاردەر یان هەر ئەندامێکی بوو، ئەوا بە پێشنیازی یەك لەسەر سێی ئەندامانی لیژنەکە داوادەکرێت ئەندامێکی تر جێگەی بگرێتەوە و ئەنجومەن بڕیاری لەسەر دەدات بە زۆرینە.



**ماددەی (٣٩):**

یەکەم: لیژنەی کاتی دەسەڵاتی دەرخستنی ڕاستیەکانی ئەو بابەتانەی دەخرێنە بەردەمی هەیەو بۆی هەیە ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکات و بە ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی خەرجی و کرێی ئیشەکەیان دیاریبکەن‌و بۆی هەیە بانگهێشتی هەرکەسێ بکات بۆ گوێگرتن لە قسەکانی و مافی ئەوەی هەیە سەیری هەموو ئەو بابەتانە بکات کە پەیوەندیدارن بە دۆسیێکەوە لەسنوری دەسەڵاتەکانی ئەنجومەندا.

دووەم: لیژنە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکە تەواو دەکات ڕاپۆرتی ئەنجام و ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٣٨)دا هاتووە.

سێیەم: پێکهێنانی لیژنەی کاتی یان هەرلیژنەیەکی دیکە کە ئەنجومەن بەپێویستی بزانێت بەڕەزامەندی زۆرینەی سادەی ئەندامان و لەسەر پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی یان (٢٠٪) ی ئەندامان دەبێت، یان لەڕێی سەرۆکی ئەنجومەنەوە دەبێت بەڕاوێژکردن بە دەستەی سەرۆکایەتیی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لەکاتی پێویستدا.

**ماددەی (٤٠):**

بڕیاردان لە ناو لیژنەکاندا بە زۆرینەی ڕەها دەبێت و ئەو ئەندامانەی پێشنیازی لیژنەکان پەسەندناکەن پابەندن بەوەی تێبینی خۆیان لەسەر کۆنووسی لیژنەکان بە ڕاشکاوانە دیاریبکەن و دواتر ئەنجومەن بۆی هەیە کۆنووسەکان پەسەند بکات یان پەسەندی نەکات و لە باری دووەمدا داوا دەکرێت کە لیژنەکان بە کۆنووسەکانیاندا بچنەوە بە پێی ئەو پێشنیازانەی ئەنجومەن بۆیان ئامادە دەکات، ئەگەر لیژنەکان سوربوون لەسەر بڕیاری

پێشویان ئەنجومەن بۆی هەیە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی بریار لەسەر کۆنووسی لیژنەکان بدات بەپەسەندکردنی یان پەسەندنەکردنی.

**ماددەی (٤١):**

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن بەر لە پێشکەشکردنی پێشنیازو پرۆژە یاساو بریارە ناوخۆییەکان بۆ ئەنجومەن، دەبێت پابەندبن بە رێوشوێنە یاساییەکانی دانانی، بەگوێرەی ئەم هەنگاوانە:

یەکەم: ئامادەکردنی لیستێك لە پرۆژە یاسا پێشنیازکراوەکان بە گوێرەی پێویستیە کۆمەڵایەتیەکانی پارێزگا.

دووەم: دیاریکردنی بابەتی دانراو لە لیستی پرۆژە پێشنیازکراوەکان لە رێگەی پێوەری دیاریکردنی گرفت و پێویستیە کۆمەڵایەتییە یەکەمینیەکانو شیکردنەوەی ئەنجامەکانیان بەپێی پێویستی یاسا و تاوتوێکردنەکان و رادەی هاتنەوەیان لە گەڵ بریار و ماددەکانی دەستور و یاسا جێبەجێکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا.

سێیەم: ئامادەکردنی راپۆرتێکی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی یاسادانان کە وەڵامی لایەنی پەیوەندیدار لەخۆی بگرێ.

چوارەم: نوسینی رەشنوسی پرۆژە یاسا یان بریارەکە بەپشتبەستن بەئەنجامەکانی راپۆرتی لێکۆڵینەوە کە لە رێگەی چەسپاندنی پێوەرەکانی دارشتنی یاسا لەرووی زمانەوانیی و بەهاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لایەنی پەیوەندیدار.

پێنجەم: بەرزکردنەوەی رەشنوسی یاسا یان بریارەکە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەمەبەستی بەجێهێنانی کاری پێویست.



**ماددەی (٤٢):**

سەرۆکی ئەنجومەن پێشنیازەکان و پرۆژە یاساییە لۆکاڵیی بریارەکان دەدات بەلیژنەی یاسایی ئەنجومەن بۆ تاوتوێکردن و ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی پرۆسەکە بۆ ئەنجومەن کەدەشێ ئەنجومەن پەسەندی بکات یان دوای بخات یان رەتیبکاتەوە.

**ماددەی (٤٣):**

دانیشتنی لیژنەکان نهێنی دەبن و نابێت جگە لە ئەندامانی و ئەندامانی ئەنجومەن و ئەوانەی کار لە لیژنەکەدا دەکەن وەك راوێژکاران و شارەزایان، کەسی تر ئامادەبێت تەنها بە رەزامەندیی سەرۆکی لیژنە نەبێت.

**ماددەی (٤٤):**

لەسەر هەر لیژنەیەك پێویستە راپۆرتێك لەسەر ئەو بابەتەی بۆی نێردراوە پێشکەش بە ئەنجومەن بکات، پێویستە راپۆرتەکە ئەو رێوشوێنانەی گرتویەتەبەرو ئەو هۆیانەی پشتی پێبەستوون لە رایەکەیدا لەخۆی بگرێت، پێویستە دەقی یاساکان و ئەو روونکردنەوانەی پشتی پێبەستوون هاوپێچ بکات، هەروەها پێویستە راپۆرتەکە رای ئەوانەی نەیار یان بەرهەڵستکاربوون لەسەر بابەتەکە بنوسرێت.

**ماددەی (٤٥):**

لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی بە دەقێکی تایبەت لەم بارەیەوە دێت، پێویستە لیژنە لەماوەی (دوو بۆ چوار هەفتە)لە رۆژی پێراسپاردنی بابەتەکە لەلایەن

دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەن بکات، ئەگەر ئەنجومەن کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان نەکردبێت، ئەگەر کاتەکە تێپەڕی و لیژنە ڕاپۆرتەکەی پێشکەش نەکرد سەرۆك بۆی هەیە داوا لە سەرۆکی لیژنە بکات هۆی دواکەوتنەکە ڕوون بکاتەوەو کاتێکی گونجاو دیاریبکات بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە، هەروەها سەرۆك بۆی هەیە کێشەکە بخاتە بەردەم ئەنجومەن.

**ماددەی (٤٦):**

سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوا لە هەر لیژنەیەك بکات بۆ توێژینەوەی بابەتێکی گرنگ و بەپەلە، سەرۆکی ئەنجومەن، یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەن سەرۆکایەتی دانیشتنی لیژنەکان دەکات کە خۆی تیایدا ئامادە دەبێت.

**ماددەی (٤٧):**

یەکەم: ئەگەر ئەندام گوێی بە بڕیاری ئەنجومەن نەدا سەرۆك بۆی هەیە هەر ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر کە لەپەیڕەودا هاتووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەمەش دوای ئاگادارکردنەوەی ئەندام، سەرۆك بۆی هەیە دانیشتنەکە بوەستێنێ و دوای بخات لەوکاتەدا سزای بێبەشکردنی ئەندامەکە دەبێتە دوو ئەوەندە.

دووەم: بڕیاری ئەنجومەن دەردەچێت بە سەپاندنی یەکێك لە سزاکانی بڕگە(١)ی ئەم مادەیە بەسەر ئەندامدا لەهەمان دانیشتنداو دوای گوێگرتن



لە قسەی ئەندامەکەو بەبێ گفتوگۆ لەسەرکردن، بڕیاری بێبەشکردنی ئەندام لە کارەکانی ئەنجومەن لە دوو دانیشتن بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان دەردەکرێت.

## بەشی سیانزدەیەم

## ڕێوشوێنە کارگێڕیی و داراییەکان

**ماددەی (٤٨):**

ئەو ئەندامەی بێبەشکراوە لە بەشداریکردن لە کارەکانی ئەنجومەن بۆی هەیە داوای وەستاندنی بڕیارەکە بکات ئەویش بەوەی نوسراوێك پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەن بکات و داوای لێبوردن بکات و بنوسێت (بەداخەوەم بۆئەوەی ڕێزی پەیڕەوی ناوخۆم نەگرتووە) ئەمەش لە ئەنجومەن دەخوێندرێتەوەو ئەنجومەن دوا بڕیاری خۆی لەوبارەیەوە بەبێ گفتوگۆ دەدات.

**ماددەی (٤٩):**

ئەنجومەن بودجەیەکی سەربەخۆی خۆی هەیە کە خەرجیەکانی ئەنجومەن لە خۆدەگرێت، بەجۆرێك وەڵام دەرەوەی پێویستیەکانی بێت بۆ بەردەوامبوونی کارە ڕۆژانەییەکانی ئەنجومەن.

**ماددەی (٥٠):**

**یەکەم: ئەنجومەنی پارێزگا سیستمی ژمێریاری پشتپێبەستراو بەکاردێنێت.**

**دووەم: ژمێریاریی ئەنجومەن دەکەوێتە بەر چاودێریکردنی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمدا.**

**ماددەی (٥١):**

**پێویستە ئەم ڕێگایانە بگیرێتە بەر بۆ ئامادەکردنی بودجەی ئەنجومەن:**

**یەکەم: بەشی ژمێریاریی ئەنجومەن ڕەشنوسی بودجەی ئەنجومەن لەڕووی هونەرییەوە ئامادە دەکات.**

**دووەم: بەشی ژمێریاریی ڕەشنوسی بودجە پێشکەش بەلیژنەی کارگێڕیی و دارایی و ئابووریی دەکات بەمەبەستی تاوتوێکردن و گەیاندنی بەڕەشنوسی کۆتایی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی پوخت.**

**سێیەم: لیژنەی دارایی ڕەشنوسی کۆتایی بودجە و ڕاپۆرتەکەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەرزدەکاتەوە بۆ بینینی لەلایەن ئەنجومەنەوە و گفتوگۆ لە سەرکردنی.**

**چوارەم: ئەنجومەن دەتوانێت داوا لەبەشی ژمێریاریی بکات بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بڕگە و بەندەکانی بودجە.**

**پێنجەم: ئەنجومەن بۆی هەیە لەدوای گفتوگۆی ڕەشنوسی بودجە، پەسەندیبکات و ڕەوانەی وەزارەتی دارایی بکات بەشێوەیەك ڕەچاوی پەیڕەو و ڕێنماییە داراییەکان بکات.**



**ماددەی (٥٢):**

**یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەن، دەتوانێ لەناو ئەندامەکانی، نێردراو بۆ دەرەوەی پارێزگا یان دەرەوەی هەرێم یان دەرەوەی عێراق بنێرێت بۆ کارێك کەپەیوەندیی بەپسپۆڕیەتی وکارەکەیەوە هەیە، ڕەچاوی تایبەتمەندێتیی لیژنەکان دەکرێت. ئەنجومەن دەتوانێت داوای نێردراو و کەسایەتی دەرەوە بکات بە شێوەی گرێبەست و گۆڕینەوەی بۆچون و پێشنیازەکان سەبارەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکان.**

**دووەم: لە هەموو ئەو لیژنە پسپۆڕیی و تایبەتمەندانەی پارێزگا دەیانێرێتە دەرەوە، نوێنەری ئەنجومەن بەپێی تایبەتمەندیی لیژنەکان و پسپۆڕییان بەشداردەبن.**

**ماددەی (٥٣):**

**هیچ کەس و هێزێکی چەکدار، بۆیان نییە بەچەکەوە بێنە ناو بینای ئەنجومەنی پارێزگا.**

**ماددەی (٥٤):**

**ئەنجومەن و ڕاوێژکاران پەیوەستن بەدەستەی سەرۆکایەتیی و بەرپرسیارن لەبەردەمیدا لەپێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی و شارەزایی بۆ ئەنجومەن و لیژنە هەمیشەییەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و توێژینەوە کە پەیوەندیدارن بەکارەکانی ئەنجومەن و تایبەتمەندیەکانیان و هەر کاروبارێکی تر**

کەدەستەی سەرۆکایەتی داوایان لێدەکات، دەستەی سەرۆکایەتیش بەرپرسیارن لەبەردەمی ئەندامانی ئەنجومەندا.

**ماددەی (٥٥):**

پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەن بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەم خولەی ئەنجومەن پەسەندکراوەو هاوپێچی ئەم پەیڕەوە کراوە، هەر کاتێك پێویستی کرد ئەنجومەن بۆی هەیە لە سەر پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتیی، یان لەسەر داوای پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن و بەڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان، هەمواریبکاتەوە.

**ماددەی (٥٦):**

ئەنجومەنە خۆجێییەکان (قەزا، ناحیە):

ئەنجومەنی پارێزگا بەڕەزامەندی (٣/٢) دوولەسەر سێی ئەندامانی دەتوانێت هەر ئەنجومەنێکی خۆجێی دیکە پەسەندبکات، بەمەرجێك لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی دابنرێت، لەکاتی ئاسایدا.

لەبارە ناکاوەکانیشدا ئەنجومەن دەتوانێت لەبری ئەنجومەنی خۆجێی لیژنەی خۆجێیی دابمەزرێنێت بەمەرجێك بەفەرمانێکی پارێزگار داواکرابێتو تیایدا کات و شوێن و مەبەست و ئەرکەکان دیاریکرابن.



**ماددەی (٥٧):**

سەرجەم ئەو خاڵانەی پەیوەندیان بەلەدەستدانی ئەندامێتیەوە هەیە و لەیاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) دا هاتوون، لەم پەیڕەوەدا کاریانپێدەکرێت.

## بەشی چواردەیەم

## ئەرك ودەسەڵاتەکانی پارێزگار

**ماددەی (٥٨):**

بەپێی ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە پارێزگار ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە.

یەکەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا بەبەشداریکردن لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە خۆجێییەکان و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا.

دووەم: جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم لەسنوری پارێزگادا بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا.

سێیەم: جێبەجێکردنی ئەوبڕیارانەی کە ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی پەیڕەو و بڕیارە جێبەجێکراوەکان دەیدات.

چوارەم: نوێنەرایەتی پارێزگا دەکات لەو کۆنگرەو کۆڕ و سیمینارانەی کە بۆیان بانگدەکرێت.

پێنجەم: سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچونی شوێنە گشتیەکان لەپارێزگادا و پشکنینیان جگە لەوفەرمانگانەی لەبڕگە(١١)ی مادده (٦) ی یاساکەدا ئاماژەیان پێدراوە.

شەشەم:

١. دەرچواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی کارگێڕیە خۆجێیەکان و تەنسیبکردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی کە لە پلەی حەوتەم و بەرەو خوارەوەن لەپەیژەی پلەکانی فەرمانبەرێتی کە لە یاسادا هاتووە لەوانەی کەدەپاڵێورێن لەفەرمانگە تایبەتمەندەکانی بەپێی پلانی ئەو میلاکەی لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پەسەندکراوە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا.
٢. چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجێیەکان لەسنوری پارێزگادا لەنێو پەیژەی پلەکانی فەرمانبەرێتی کە لە یاساکەدا هاتووە.

حەوتەم: وەرگرتنی ڕێکاری کارگێڕیی و یاسایی بەرامبەر فەرمانبەرانی کارگێڕیە خۆجێیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا.

هەشتەم: بەرپرسیارێتی دابینکردنی ئاسایش و نیزام لەپارێزگادا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەرۆکی لیژنەی ئاسایشە لە پارێزگادا.

نۆیەم: داواکردن بۆکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس، دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگا بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی.

دەیەم: پارێزگار دەتوانێت ناڕەزایی لەبڕیارەکانی ئەنجومەن دەربڕێت لەم بارانەی خوارەوە:

١. ئەگەر سەرپێچی دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکان بوو.
٢. ئەگەر سەرپێچی پلانی گشتیی حکومەتی هەرێم یان بودجە بوو.



٣. ئەگەر لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەندا نەبوو.

یانزدەیەم: پارێزگار بڕیارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەن لەماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت لەمێژووی پێڕاگەیاندنی، لەگەڵ هۆیەکانی ڕەخنەگرتنەکەی و تێبینیەکانیدا، ئەگەر ئەنجومەن سووربوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی ئەوا دەبێت دادگای کارگێڕیی بڕیاری لێبدات.

دوانزدەیەم: پارێزگار بۆی هەیە لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکانی یان قائیمقام یاخود بەڕێوەبەری ناحیە و لە هەریەك لەکاروباری یەکە کارگێڕیەکەی بدات بۆ ماوەو بابەتێکی دیاریکراو.

## بەشی پانزدەیەم

## بودجەی گشتیی پارێزگا

### ماددەی (٥٩):

داهاتی دارایی پارێزگا لەمانە پێکدێت:

یەکەم: ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لەناو بودجەی گشتیدا بۆ پارێزگای تەرخان دەکات.

دووەم: ئەو داهاتانەی کە دێتە دەستی لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشیدەکات و وەزارەتی دارایی لێئاگادارەکاتەوە کە بەدەستی هاتوون.

سێیەم: ئەو پیتاك و بەخششانەی کە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

چوارەم: ئەو داهاتانەی کە لە فرۆشتن و بەکرێدانی ماڵی گواستراوە دەوڵەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم وەدەستی دێنێت.

پێنجەم: بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان.

شەشەم: ئەو بڕە پارەیەی کە لەداهاتی نەوت و پترۆدۆلارەوە بۆ پارێزگا تەرخاندەکرێت.

## مادده(٦٠):

پارێزگا پڕۆژەی بودجەی گشتی دەنێرێت بۆ ئەنجومەن، لەدوای گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجومەنی پلاندانان و گەشەپێدان، لە دواماوەیدا واتە سەرەتای تشرینی یەکەم بۆ ساڵی دارایی تایبەت کە پێویستە ڕەچاوی پێوەرە دەستورییەکان لە دابەشکردنی بۆ ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بەگوێرەی چڕی دانیشتوان و پێویستیەکان بکرێت.

## ماددەی (٦١):

پلانی ستراتیژیی پارێزگا:

لیژنەی هونەریی ئەنجومەن کە پێکدێت لە سێکتەرەکانی پلان و پڕۆژەکانو ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان و گەشتوگوزار، بەهاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەندا، لەماوەی مانگی کانونی دووەمی هەموو ساڵێکدا ئامادەدەبێت بۆ پێداچونەوە بە پلانی پەرەپێدانی



ستراتیژیی پارێزگادا، کە بەپابەندکردنی لایەنی تایبەت بەپێشکەشکردنی ئاماژەی پەیوەندیدار و واقعی خزمەتگوزاری لەپارێزگادا، جێبەجێدەکرێت.

## ماددەی (٦٣):

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان:

یەکەم: ئەنجومەنەکان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی، خۆیان هەڵدەوەشێننەوە.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ئەنجومەنە خۆجێیەکان بەزۆرینەی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەڵبوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای قائیمقام بەنیسبەتی ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا، یاخود بەڕێوەبەری ناحیە بەنیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیی ناحیە، لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. زیان گەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێیسپێردراوە.

٢. ئەگەر مانەوەی زیانبەخشبوو بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

٣. ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات.

٤. لەبارێکدا کە لەدەستور لایدا، یان سەرپێچی یاسای کرد.

سێیەم: بۆ ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکان یان سێیەکی ئەندامانی هەیە کە تانووت لەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە لەبەردەم دادگای کارگێڕیدا بدەن لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە مێژووی دەرچونییەوەو دادگاش دەبێت لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا بڕیاری خۆی لەبارەی تانووتەکەوە بدات. چوارەم: پەرلەمان بۆی هەیە ئەنجومەنی پارێزگا بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، ئەمەش لەسەر

داوای ئەنجومەنی وەزیران یان سێیەکی ژمارەی ئەندامانی دەبێت ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەهۆیەکانی کە لەبڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

پێنجەم: لەبارێکدا کە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە دەربڕی، وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ لەماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە مێژووی دەرچونی بڕیارەکە ڕادەگەیەنرێت.

## ماددەی (٦٣):

یەکەم: ئەم پەیڕەوە لەڕۆژی پەسەندکردنیەوە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە کارپیێدەکرێت.

دووەم: ئەم پەیڕەوە لە بڵاوکراوەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە.

## ماددەی (٦٤):

هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوە:

بەمەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕیی و ئابوریی و خزمەتگوزاریەکان و چاودێریکردنی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی، بەپێی مادەی پێنجەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان _ عێراق، ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ، ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەوە لەڕۆژی (سێشەممە)، ڕێکەوتی ٢٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٥ دەرچوێنرا.

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

٢٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ١ No:

ڕۆژ: ٢٠١٤/١٢/١١ Data:

## بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٤

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی سێیەمی کۆبوونەوەی یەکەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١١دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی کاتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و دواتر سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و، ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

١. هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن محەمەد) بەسەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن و، پاڵپشت بە مادەی شەشەم بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
٢. هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد) بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە دەنگی (٢٩) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندام و، پاڵپشت بە مادەی شەشەم بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
٣. هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (د. ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) بە پارێزگاری سلێمانی، بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن و، پاڵپشت بە مادەی شەشەم بڕگەی سێیەم/ یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٢ No:

ڕۆژ: ٢٠١٤/١٢/١١ Data:

## بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٤

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی سێیەمی کۆبوونەوەی یەکەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١١دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان (فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان)، سەبارەت بە حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانی، وەک لە هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتووە، بە زۆرینەی ڕەهاو بە دەنگی (٢٤) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندام.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ٣ ژمارە:

Data: ٢٠١٤/١٢/١٧ ڕۆژ:

## بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٤

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی یەکەمی کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و بە دەنگی (٣١) ئەندامی ئامادەبوو، بڕیاریدا بە:

١. هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (فەرهاد تۆفیق حەسەن) بە سکرتێری کاتیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
٢. سوپاسکردنی هاووڵاتیانی سنوری پارێزگای سلێمانی، لەبەرامبەر خۆڕاگرییان و داوای لێبوردنکردن لێیان بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەن و پارێزگای سلێمانی و پێشکەشکردنی سڵاوو وەفا بۆ گیانی پاکی شەهیدان.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – ئاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ١ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/١/٢٥ ڕۆژ:

## بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی سیانزدەیەمی کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٥دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و بە دەنگی هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

بانگکردنی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی، بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٥/٢/١ سەعات ١٠ی بەیانی.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – ئاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ژمارە: ٢ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/١/٢٧ Data:

## بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی پانزدەیەمی کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٦) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:


١. پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان.
٢. پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەهەموو مادەو بڕگەکانییەوە، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی — مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: — ژمارە: ٣

Data: — ڕۆژ: ٢٠١٥/٢/١٢

## بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی چوارەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٢/١٢دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن کە (١٧) لیژنەن، بەکۆی دەنگی ئامادەبوان و پاڵپشت بە مادەکانی (٣١، ٣٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لیژنەکان بریتین لە:

یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی.

دووەم: لیژنەی تەندروستیی و ژینگە.

سێیەم: لیژنەی پەروەردە و فێرکردن.

چوارەم: لیژنەی کارگێڕیی و دارایی و ئابووری.

پێنجەم: لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

شەشەم: لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیابارن و جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر.

حەوتەم: لیژنەی سکاڵا و بەدواداچون و دەستپاکی.

هەشتەم: لیژنەی وەرزش و لاوان.

نۆیەم: لیژنەی کاروباری ئاینی.

دەیەم: لیژنەی پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و سەرچاوە سروشتییەکان.

یانزدەیەم: لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیی و هاتوچۆو گواستنەوە و گەیاندن.

دوانزدەیەم: لیژنەی پارێزگاریی (ئاسایش، پۆلیس، بەرگریی شارستانی).

سیانزدەیەم: لیژنەی هونەریی (پلان و پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار).

چواردەیەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیی.

پانزدەیەم: لیژنەی ڕۆشنبیریی و هونەرو ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار.

شانزدەیەم: لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ئەندامان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان.

حەڤدەیەم: لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچ و کۆچبەران.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



### ١. لیژنەی کاروباری یاسایی:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | صباح فتاح احمد | سەرۆک |
| ٢. | انوەر طاهر محمد | جێگر |
| ٣. | محمد رسول مراد حەمسور | بڕیاردەر |
| ٤. | رسول عبدالله ابراهیم | *ئەندام* |
| ٥. | بەناز حمە ڕەشید حمە سەعید | *ئەندام* |

### ٢.لیژنەی تەندروستی و ژینگە:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | ڕێبوار احمد مولود | سەرۆک |
| ٢. | میدیا شێخ احمد شێخ اسماعیل | جێگر |
| ٣. | هوشیار اسماعیل مصطفی | بڕیاردەر |
| ٤. | زیاد حمە رضا مصطفی | *ئەندام* |
| ٥. | غالب محمد علی | *ئەندام* |

### ٣.لیژنەی پەروەردە و فێرکردن:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | نیاز ئەحمەد سەید حەمەلاو | سەرۆک |
| ٢. | هاوسەر هوشیار محەمەد | جێگر |
| ٣. | مینا سامی محمد | بڕیاردەر |
| ٤. | مەهدی مەحمود محەمەد | ئەندام |
| ٥. | ڕزگار حمە نوری میرزا | ئەندام |
| ٦. | سێوە حمە خضر احمد | ئەندام |
| ٧. | دیلمان عزیز محمد | ئەندام |

٤.لیژنەی کارگێڕی و دارایی و ئابوری:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | ئازاد محەمەد ئەمین | سەرۆک |
| ٢. | مەهدی مەحمود محەمەد | جێگر |
| ٣. | هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم | بڕیاردەر |
| ٤. | *ئامانج نجیب شمعون* | ئەندام |
| ٥. | ڕێکەوت محەمەد زەکی صاڵح | ئەندام |

٥.لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | فەرهاد تۆفیق حەسەن | سەرۆک |
| ٢. | ڕەسوڵ عەبدالله ئیبراهیم | جێگر |
| ٣. | صەمەد ئیبراهیم محەمەد | بڕیاردەر |
| ٤. | مینا سامی محمد | ئەندام |
| ٥. | هاوژین اسماعیل ابراهیم | ئەندام |

٦.لیژنەی شەهیدان و کیمیا باران و ئەنفال و جینۆساید و کەمئەندامانی سەنگەر:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | سەلمە فاتح تۆفیق | سەرۆک |
| ٢. | محەمەد عەبدولوەهاب عومەر | جێگر |
| ٣. | زیاد حەمە ڕەزا مصطفی | بڕیاردەر |



٧.لیژنەی سکاڵا وبەدواداچون و دەستپاکی:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | ئەنوەر طاهر محەمەد | سەرۆک |
| ٢. | سلمە فاتح تۆفیق | جێگر |
| ٣. | مینا سامی محەمەد | بڕیاردەر |

٨.لیژنەی وەرزش و لاوان:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | هاوسەر هووشیار محەمەد | سەرۆک |
| ٢. | مینا سامی محەمەد | جێگر |
| ٣. | هۆشیار ئیسماعیل مصطفی | بڕیاردەر |

٩.لیژنەی کاروباری ئاینی:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | فیصل ئیبراهیم عەزیز | سەرۆک |
| ٢. | صمد ابراهیم محمد | جێگر |
| ٣. | رسول عبدالله ابراهیم | بڕیاردەر |

١٠.لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان:

| زنجیره | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | غالب محەمەد عەلی | سەرۆک |
| ٢. | هوشیار ئیسماعیل مصطفی | جێگر |
| ٣. | مەهدی مەحمود محەمەد میرزا | بڕیاردەر |
| ٤. | *دانا محەمەد جەزا* | ئەندام |
| ٥. | دیلمان عەزیز محەمەد | ئەندام |
| ٦. | بەناز حەمە ڕەشید حەمە سەعید | ئەندام |
| ٧. | ڕێکەوت محەمەد زەکی صاڵح | ئەندام |

١١.لیژنەی خزمەت گوزاری شارەوانی و هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندن:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | محەمەد رەسول موراد | سەرۆک |
| ٢. | زیاد حەمە ڕەزا مصطەفا | جێگر |
| ٣. | محمد عبدالوهاب عمر | بڕیاردەر |
| ٤. | میدیا شێخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل | ئەندام |
| ٥. | *ڕێبوار ئەحمەد مەولود* | ئەندام |
| ٦. | هاوژین اسماعیل ابراهیم | ئەندام |
| ٧. | صمد ابراهیم محمد ابراهیم | ئەندام |

١٢.لیژنەی پارێزگاری (ئاسایش، پۆلیس،بەرگری شارستانی):

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | دانا محەمەد جەزا | سەرۆک |
| ٢. | صباح فتاح احمد | جێگر |
| ٣. | *بەرزان محمد صاڵح* | بڕیاردەر |
| ٤. | *میدیا شێخ احمد شێخ اسماعیل* | ئەندام |
| ٥. | محمد عبدالوهاب عمر | ئەندام |

١٣.لیژنەی هونەری ( پلان و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشت و گوزار):

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | خدیجە عبدالجبار احمد | سەرۆک |
| ٢. | هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم | جێگر |
| ٣. | ڕزگار حمە نوری میرزا | بڕیاردەر |
| ٤. | بەناز حمە ڕەشید حمە سەعید | ئەندام |
| ٥. | ڕێکەوت محەمەد زەکی صاڵح | ئەندام |
| ٦. | هوشیار اسماعیل مصطفی | ئەندام |
| ٧. | زیاد حمە رضا مصطفی | ئەندام |
| ٨. | رسول عبدالله ابراهیم | ئەندام |
| ٩. | میدیا شێخ احمد شێخ اسماعیل | ئەندام |



١٤.لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی:.

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | ئامانج نەجیب شەمعون | سەرۆک |
| ٢. | بەناز حمە ڕەشید حمە سعید | جێگر |
| ٣. | ئاڤان جەمال ئەحمەد | بڕیاردەر |
| ٤. | خدیجە عبدالجبار احمد | ئەندام |
| ٥. | *نیاز احمد سید حەمەلاو* | ئەندام |

١٥.لیژنەی ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | ئاڤان جەمال ئەحمەد | سەرۆک |
| ٢. | فەرهاد تۆفیق حەسەن | جێگر |
| ٣. | *محمد عبدالوهاب عمر* | بڕیاردەر |

١٦.لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری ئەندامان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | بەرزان محەمەد  صاڵح | سەرۆک |
| ٢. | ڕزگار حمد نوری میرزا | جێگر |
| ٣. | *فیصل ابراهیم عزیز* | بڕیاردەر |
| ٤. | *ئازاد محمد امین* | ئەندام |
| ٥. | دیلمان عزیز محمد | ئەندام |

١٧.لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچ وکۆچبەران:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | پلە |
|---|---|---|
| ١. | سێوە حەمە خضر احمد | سەرۆک |
| ٢. | صەمەد ئیبراهیم محەمەد | جێگر |
| ٣. | دیلمان عزیز محمد | بڕیاردەر |

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** — **مجلس محافظة السليمانية**

Slemani Provincial Council

No: ٤ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٣/٣٠ :ڕۆژ

## بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (سەردار قادر عەلی) بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەریی، بە دەنگی (٢٩) ئەندام.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – ئاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** — **مجلس محافظة السليمانية**

Slemani Provincial Council

No: ٥ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٣/٣٠ :ڕۆژ

## بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە بۆ ئەو پۆستانەی بۆیاندیاریکراوە، بەو دەنگانەی دیاریکراون:

| ز | ناوی پاڵێوراو | پۆستەکەی | پەسەندکرا بە دەنگی |
|---|---|---|---|
| .١ | قادر ابوبکر قادر | سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین | ٣٠ |
| .٢ | واحید بهجت قادر | جێگری ئیدارەی گەرمیان | ٢٥ |
| .٣ | بەختیار عبدالرحمان فتاح | قائیمقامی سلێمانی | ٢٩ |
| .٤ | شهاب احمەد محی الدین | قائیمقامی کەلار | ٢٨ |
| .٥ | ابوبکر بایز ئاڵی | قائیمقامی قەڵادزێ | ٢٦ |
| .٦ | محمد ناصح حسن مصطفی | قائیمقامی دەربەندیخان | ٢٨ |
| .٧ | زانا رحمان رحیم | قائیمقامی پێنجوێن | ٢٧ |
| .٨ | کامەران عبدالله بابکر احمد | بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا | ٢٧ |
| .٩ | ژیلوان عادل شکور | بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا | دواخرا |
| .١٠ | طاهر سعید طاهر | بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان | ٢٨ |
| .١١ | محمد عبدالرحمن جلال | بەڕێوەبەری ناحیەی سورداش | ٢٨ |
| .١٢ | ڕێبین عمر محمود | بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ | ٢٨ |
| .١٣ | سەروەر احمد کریم | بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش | ٢٩ |
| .١٤ | هێمن ابراهیم رحمان | بەڕێوەبەری ناحیەی ئاڵپارێز | ٢٥ |
| .١٥ | اسماعیل احمد رسول شریف | بەڕێوەبەری ناحیەی گاپیلۆن | ٢٨ |
| .١٦ | حمید بارام حمە حسین | بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە | ٢٤ |
| .١٧ | ڕامیار عبدالرحمان احمد | بەڕێوەبەری ناحیەی شێخ تویل | ٣٠ |
| .١٨ | ابراهیم محمود قادر عبدالله | بەڕێوەبەری ناحیەی بێتواتە | ٢٨ |
| .١٩ | دابان محمد عارف | بەڕێوەبەری ناحیەی سروچک | ٢٦ |
| .٢٠ | سەنگەر فائق ڕسول | بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان | دواخرا |
| .٢١ | ئەزوەر جعفر بابەکر عبدالله | بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا | ٢٨ |
| .٢٢ | نهرۆ عبدالله پیرۆت | بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر | ٢٧ |

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – ئاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٦ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٣/٣٠ Data:

## بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە بۆ ئەو پۆستانەی بۆیاندیاریکراوە، بەو دەنگانەی دیاریکراون:

| ز | ناوی پاڵێوراو | پۆستەکەی | پەسەندکرا بە دەنگی |
|---|---|---|---|
| ١. | ئیبراهیم عەزیز ئەحمەد | بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٢٧ |
| ٢. | بەهادین ئیبراهیم فارس | بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان | ٢٦ |
| ٣. | ئەبوبەکر حسێن مستەفا | بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی | ٢٥ |
| ٤. | فەرەیدون غەریب حەسەن موراد | بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف | ٢٤ |
| ٥. | شالآو جەمال ڕەسوڵ | بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ | ٢٥ |
| ٦. | دڵشاد عومەر محەمەد کەریم | بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە | ٢٧ |
| ٧. | شادیە حسێن عەباس | بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی گەرمیان | ٢٨ |
| ٨. | شەلال جەبار حەبیب | بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی گەرمیان | ٢٥ |
| ٩. | دەرون عومەر مەحمود محەمەد | بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی گەرمیان | ٢٥ |
| ١٠. | د. سیروان محەمەد جەمال | بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی گەرمیان | ٢٨ |

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٧ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٧ Data:

## بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (ژیلوان عادل شکور) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا، بەدەنگی (٢٧) ئەندام.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

زمارە: ٨ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٧ Data:

## بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

١. بەڕێز (فەرهاد تۆفیق حەسەن) لە پۆستی سکرتێریی کاتیی ئەنجومەن بەخشرا، بە دەنگی (٢٢) ئەندام.
٢. بەڕێز (مەهدی مەحمود محەمەد میرزا) بە سکرتێری ئەنجومەن هەڵبژێررا بەدەنگی (٢٦) ئەندام و دەستبەکارکرد.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

زمارە: ٩ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٧ Data:

## بڕیاری ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٦) ئەندام، بڕیاریدا بە:

کۆبوونەوەی هەشتەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە شاری چەمچەماڵ و لە یادی کارەساتی ئەنفال و جینۆسایددا لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٤ بەڕێوەدەچێت.

لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر ڕاسپێررا کە بەهاوکاریی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەجێندای کۆبوونەوەکە ڕێکبخەن.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ١٠ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/٤/٧ ڕۆژ:

## بڕیاری ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی هەموو ئەندامانی ئامادەبوو، بڕیاریدا بە:

١. لەڕێی سەندیکای کرێکارانی کوردستان/ لقی سلێمانییەوە، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی پێنجوێن لە زووترین کاتدا لاببرێت.
٢. لەدەرەوەی یاساو ڕێنماییەکان و بەبێ (وصل قبض)ی ڕەسمیی، هیچ کەس و لایەن و سەندیکایەک بۆی نییە پارەو باج و ڕسومات لە کەس وەربگرێت.
٣. دۆسیەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی مەرزی باشماخ ڕەوانەی دەستەی داواکاری گشتیی دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو پێویستە هەر کەس و لایەنێک سەرپێچییان کردبێت سزای یاسایی بدرێن.
٤. داوا لە وەزارەتی دارایی بکرێت ڕێنمایی نوێ دەربکات و مەرزو خاڵە سنورییەکان ڕێکبخاتەوە.
٥. ئەنجومەنی پارێزگا چاودێریی وردیی ئەم کەیسە دەکات تا دەگاتە ئەنجامێکی یاساییانەی شیاوانە کە لە بەرژەوەندیی گشتیی و سەروەریی یاسادا بێت.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ١١ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/٤/١٤ ڕۆژ:

## بڕیاری ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٤دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی لۆگۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وەک لۆگۆی ڕەسمیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە هاوپێچی ئەم بڕیارە کراوە، بە دەنگی (٢٤) ئەندام.
ئەم لۆگۆیە لە ئەمڕۆ ٢٠١٥/٤/١٤ەوە کاریپێدەکرێت.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ١٢ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/١٤ :ڕۆژ

## بڕیاری ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٤دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

کۆبوونەوەی (نۆ)یەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە یادی دووجار شەهیدکردنی ئەو دەڤەرەدا ببرێتە قەزای پشدەر، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٤دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٣ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٢٤ Data:

## بڕیاری ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی نۆیەمی خۆیدا لە قەزای پشدەر، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٤دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٦) ئەندام و، بە دەنگی (٢٥) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیاریدا بەوەی:

هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) لەسەر قەزای (دوکان)ەوە، پەیوەندیی کارگێڕییان بگوێزرێتەوە بۆ سەر ئیدارەی ڕاپەڕین، ئەم بڕیارە بەپێی مادەی (٦) بڕگەی (١٣) و ، مادەی (٢٦) و هەرسێ بڕگەکەی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، وەک پێشنیاز بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران.

هەموو ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بەم بڕیارە، هاوپێچی ئەم بڕیارە دەکرێن.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٤ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٣٠ Data:

## بڕیاری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

١. پەسندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (سالار حسام الدين صالح عمر) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی، بە دەنگی (٣٠) ئەندام.
٢. پەسندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (عمر عبدالله فتاح) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، بە دەنگی (٣٠) ئەندام.
٣. پەسندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (ئاکۆ یوسف ئەحمەد) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری گەرمیان، بە دەنگی (٣٠) ئەندام.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** **مجلس محافظة السليمانية**

*Slemani Provincial Council*

No: ١٥ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٣٠ :ڕۆژ

## بڕیاری ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە بۆ ئەو پۆستانەی بۆیاندیاریکراوە، بەو دەنگانەی دیاریکراون:

| ز | ناوی پاڵێوراو | پۆستەکەی | پەسەندکرا بە دەنگی |
|---|---|---|---|
| ١. | امیر احمد عبدالقادر | جێگری ئیدارەی ڕاپەڕین | ٣٠ |
| ٢. | رووف کمال سعید بها | قائمقامی قەزای قەرەداغ | ٣١ |
| ٣. | کامەران حسن فتاح | قائمقامی قەزای ماوەت | ٣١ |
| ٤. | عبدالله عباس رسول | بەڕێوەبەری ناحیەی ژاراوە | ٣٠ |
| ٥. | هێمن حمە حسێن حسن | بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان | ٢٥ |
| ٦. | عدنان علی محمد | بەڕێوەبەری ناحیەی پێباز | ٣٠ |
| ٧. | سیروان محمد طاهر عزیز | بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیەی جەباری | ٢٩ |
| ٨. | عزیز محمد عبدالله محمود | بەڕێوەبەری ناحیەی ئاوەسپی | ٢٦ |
| ٩. | هێمن بهجت حسن | بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر | ٢٧ |
| ١٠. | ابوبکر احمد خدر | بەڕێوەبەری ناحیەی ئیسێوە | ٢٨ |

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** **مجلس محافظة السليمانية**

*Slemani Provincial Council*

No: ١٦ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٣٠ :ڕۆژ

## بڕیاری ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بەدەنگی (١٧) ئەندام و پاڵپشت بە مادەی (٦) بڕگەی (١٣)و مادەی (٢٦) و هەرسێ بڕگەکەی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاری ڕەزامەندییدا بە پێشنیازکردن بۆ ئەوەی:

ناحیەی (بەمۆ)، لەسەر ئیدارەی گەرمیانەوە، پەیوەندیی کارگێڕیی بگوێزرێتەوە بۆ سەر (پارێزگای هەڵەبجە).

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی    مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٧    No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٣٠    Data:

## بڕیاری ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بەدەنگی (٣١) ئەندام، بڕیاریدا:

کۆبوونەوەی (١١)یەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە یادی ڕاپەڕینی ١٩٨٧/٥/١٣دا، ببرێتە قەزای سەیدسادق، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٥/١٣دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی    مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٨    No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٦/٣٠    Data:

## بڕیاری ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی سیانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، تایبەت بە ئەنجامی بەدواداچوونی شێوازی دابەشکردنی ناوچەی پیشەسازیی و تەرخانکردنی زەوی نیشتەجێبون و زیادەڕەوی بۆ سەر موڵکی گشتیی و باخچەکان لە سنوری شارەوانیی هەڵەبجەدا کە بەفەرمانی ژمارە (٢٨٣) لە ٢٠١٥/٤/١٩ی ئەنجومەنمان پێکهێنرابوو.

دوای تەواوبوونی هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بەدواداچوونی ئەم کەیسە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە لە هەردوو دانیشتنی ڕۆژانی ٢٠١٥/٥/٢٦ و، ٢٠١٥/٦/٩ی کۆبوونەوەی دوانزدەیەمی ئەنجومەن، پشتبەستن بە مادەکانی (٥)، (٦) بڕگەکانی (٢، ٨، ١١) (١٢ و خاڵەکانی ١٣، ١٤)، مادەی (٩) بڕگەکانی (١١، ١٢)، مادەی (١٥) بڕگەی (٣)، مادەی (٣٢)، مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، مادەی (١٨) بڕگەی (١٨ خاڵی ٢) بڕگەی (٢٠)، مادەی(١١)بڕگەی (١) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەن بڕیاریدا بە:

(بەهۆی خەمساردیی یان کەمتەرخەمیی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی)، وەک لە مادەی (٦) بڕگەی (٢) خاڵی (١/ج)ی یاسای یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە:

١. لە ڕووی ئیدارییەوە: داوا لە بەڕێز وەزارەتی شارەوانیی بکرێت بە دەرکردنی فەرمانی دەستپێلەکارکێشانەوەی بەڕێز (خدر کەریم محەمەد) سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە لە پۆستەکەی، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە. تا ئەو کاتەی بەپێی مادەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنرێنەوە، وەزارەتی شارەوانی بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا سەرۆکێکی نوێ بۆ شارەوانیی هەڵەبجە دیاریبکات.

٢. لە ڕووی یاساییەوە: ئەم دۆسیەیە ڕەوانەی بەڕێز دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت بۆ گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان، وێنەیەکیش پێشکەش بەبەڕێز فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی دەکرێت بۆ کاری پێویست.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

# Slemani Provincial Council

Formal Publication of Slemani Provincial Council No. 1 June 2015

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

مجلس محافظة السليمانية

2014

